پێرست


| | |
|---|---|
| کۆماری کوردستان  شوناسێکی نوێی بۆ ژنان | ل.٢ - |
| پەیامی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان  بەبۆنەی ٢٥ی نۆڤامبر | ل.٣- |
| چوار ڕێکخراوی مەدەنی کورستان لەسەر کوشتاری کۆڵبەران بەیاننامەی هاوبەشیان بڵاو کردەوە | ل.٤- |
| پەروەردەی درووست بۆچی پێویستە؟ | ل.٥- |
| ژیانی ژنان لە بەر دەمڕێگایەکی مەترسیدار | ل.٦- |
| شیاکاری دەروونناسی وینەی منداڵان | ل.٧- |
| بۆچی ژنان سیغە دەبن؟ | ل. ٩- |
| بۆ چی ٢٥ی نوامبر وەک ڕۆژی بەرانگار بونەوەی توند و تیژی دژ بە ژنان ناودێر کراوە؟ | ل.١٠- |
| ژنێک لە نەتەوەی گەرمێن | ل.١١- |
| کۆڕۆ و پرسی فێرکاری لە ئێران و کوردستان | ل.١٢- |
| بە بۆنەی ٢٥ی نوامبر | ل.١٣- |
| هەنگاوێک بەرەو  داهاتوو، هەنگاوێکە بۆ ژیان | ل.١٤- |
| پەیامی خاتوو پەروین شەکوری بەبۆنەی ٢٥ی نوامبر | ل.١٥- |
| تجاوز در بستر زناشوویی | ل.١٦ |
| هەواڵ | ل.١٩ |


دەستەی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان


ژمارە ٥١ی گۆڤاری ژنان
ئۆرگانی یەکیەتیی ژنانی
دێموکراتی کوردستان



بۆ پێوەندی کردن
بە یەکیەتیی ژنانی
دێموکراتی کوردستان:
y.jnan.dk.@gmail.com
009647518770093



دیزاینی گۆڤار:
نەسرین  یوسفزادە
بەرگ:
ئەیوب شەهابیڕاد

سەروتار

# کۆماری کوردستان شوناسێکی نوێ بۆ ژنان

مژگان عەلیپوور



دووی ڕێبەندانی ئەمساڵ ٧٥ساڵ بەسەر دامەزرانی یەکەمین کۆماری کوردستاندا تێدەپەڕێ، کۆمارێک کە نمونەی دەسەڵاتێکی مۆدێڕن کە لە بوارە جیاوازەکاندا گەلێک دەسکەوتی بۆ میللەتی کورد دەستەبەر کردبوو.

یەکێک لەو بوارانەی کە کۆماری کوردستان و بە تایبەتی سەرۆککۆماری کوردستان گرینگی پێدەدا، بارودۆخی ژنان بوو و یەکێک لە گەورەترین و شوێندانەرترین کارەکانی کۆماری کوردستان، دامەزرانی ڕێکخراوەیەکی تایبەت بە ژنان بوو کە بە ڕەسمی ژنانی تێکەڵ بە گەمە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکان کرد و شوناسێکی نوێی بە ژنی کورد بەخشی. بە ئیجباری کردنی خوێندن بۆ کچان و کوڕان وەکوو یەک و دیاری کردنی سزا بۆ ئەوانەی منداڵەکانیان نانێرنە بەر خوێندن، هەنگاوێکی بە کردەوە بوو بۆ پەروەردە و گەشەکردنی کۆمەڵگا.

ئێستاش پاش ٧٥ساڵ تێپەربوون بەسەر دامەزرانی کۆماری کوردستان، ژنان لەسەر ئەو ڕێچکەیە بەردەوامن و لە دووسەنگەری بەرگری لە مافی نەتەوایەتیی و یەکسانی ڕەگەزیدا لە مەیدانی خەبات و تێکۆشاندان و لە شێوەگەلی جیاواز بۆ گەیشتن بەو ئامانجانە کەڵکیان وەرگرتووە. بە هۆی زاڵبوونی گوتاری نەتەوەیی هەمووکات خەباتی نەتەوەیی لە پلەی یەکەمدا بووە و خەباتی یەکسانیخوازی لاوازتر بووە بەڵام ئەوە بەو مانایە نیە کە خەبات بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی ژنان پشت گوێ خرابێ، هاوکات ئەم دوو خەباتەی هاوتەریب بردۆتە پێش.

شوێندانەری گوتاری نەتەوەیی کۆماری کوردستان هەر بۆ نیوەی کۆمەل واتە ڕەگەزی پیاو نەبووە، بەڵکوو بۆ هەموو کۆمەڵگە بووە، بۆیە ژن لە دەڕبرین و هەستپێکردنی ئەم گوتارە نەتەوەییە بێبەش نەبووە.

ژنانی کوردستان کە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەراست لە ناوەندی دەسەڵاتی ئیسلامییە توندڕەوەکاندا دەژین و خەبات دەکەن لە هەمیشە کاریان سەختتر، دەنگیان کزتر و پشتیوانیان کەمترە. بە واتایەک ئەمرۆ تەنیا پێشکەوتنخوازی باو نییە بۆ کاری ژنان لە کوردستاندا و ژنان لە ڕۆژهەڵات لە بوارە جیاوازەکاندا ڕەچەشکێن بوون و تێچووی خەباتی نەتەوایەتیشیان زۆر داوە.

کەم نین ئەوژنانەی کە چەکی بەرگری لە مانی و مەوجودییەتی نەتەوەکەیان کردۆتە شان و بوونەتە پێشمەرگە، بەڵام بوونی ژنانی پێشمەرگە و چەک لە شان و ئازا نەیتوانیوە بە تەنیایی بیری کۆمەڵگە بگۆڕی. پێشمەرگەی ژن بووەتە سیمبولی خۆڕاگریی کورد، بەڵام نەبووەتە سیمبولی باوەڕ بە مافی یەکسانی یان توانای یەکسانی لە بواری جیاوازدا لەگەڵ ئەوەیکە ژنان لە بوارەکانی دیکەی وەک کاری ئیداری نوسین و کاری هونەری توانیویانە ڕۆڵیکی ئەوتۆیان لە کۆمەڵگەدا ببێ بەڵام باوەڕ بە یەکسانی ژن و پیاو هێشتا لە پەراوێزدایە.

خەباتی بزوتنەوەی ژنان و خەباتی نەتەوەیی لە کوردستان بە گشتی و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی دوو خەباتی لێکگرێدراون، لانیکەم لەو چەند ساڵانەی دواییدا ئەم هەڵسەنگاندنە زۆر زەق و ڕوون دەرکەوتووە. خەباتی کوردان بەگشتی لەسەر کۆڵەکەی ڕزگاریی نەتەوەیی دامەزراوە و هێندێک ئێستاش لەو باوەڕەدان کە ئەگەر ڕزگاریی نەتەوەیی بە دەست بێنین، زۆر بە ئاسانی مافی یەکسانی و عەداڵەتی کۆمەڵایەتی دەستەبەر دەکرێ. زۆر لە ژنانی نێو ڕیزی شۆڕشیش لە سەرەتاکانەوە زیاتر لە فیکری دەستەبەرکردنی مافی نەتەوایەتی دابوون و ئەگەر ڕۆڵ و نەخشیان هەبووبێ کە بەدڵنیایەوە کاریگەریی زۆریان لە سەر شۆڕش هەبووە، زیاتر لە پیناو وەدیهێنانی ئامانجەکانی خەباتی نەتەوەییدا بووە. لێرەدا ئەولەوییەتی یەکەم کە ڕزگاری نەتەوەیی بووە مەجالی بە ژنانی کورد نەدەدا کە باسی مافی یەکسانیی خۆیان بکەن، بۆیە تەواوی وزەی خۆیان بۆ خەباتی نەتەوەیی تەرخان دەکرد و هیندێکیشیان لە ڕێگای ئەندامەتی لە ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنان بۆ مافی یەکسانیی خۆیان هەوڵیان داوە. بەڵام ئەوەی کە دەبێ ژنان لە ئەمڕۆڕا و بەو ئەزموونەی وەدەستیان هێناوە دەبێ لەو هاوکێشەیەدا چ جێگە و پێگەیەکیان هەبێت، ڕاستی ئەوە دەکەوێتە سەر ئەو جیاوازییەی کە لە ڕووی تاکتیکی بۆ گەیشتن بە ئامانجە هاوبەشەکان کە تاکی ژنی چالاک هەیەتی. بە بروای من ژنی کورد کاتێک جێگە و پێگەی درووستی لەم هاوکێشانەدا دەبێ کە باڵانسی نێوان ئەم دوو گوتارە ڕاگرێ و هاوتەریب دەگەل یەک هەوڵیان بۆ بدا کە لە درێژخایەندا وەک بنەما و ژێرخانێکی پتەو بۆ نەهادینەکردنی کۆمەڵگەیەکی دێموکراتێک بتوانێ کەڵکی لێ وەرگرێ.

# پەیامی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان
# بەبۆنەی ٢٥ی نۆڤامبر، ڕۆژی جیهانیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان



بزووتنەوەی مافخوازیی ژنان لە ئێران و ژنانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان مێژوویەکی درێژی هەیە و بە زۆر قۆناغ و وێستگەدا تێپەڕیوە، بەڵام سەرباری زۆر دەسکەوت و هاوکات نسکۆ، ئێستاش ژنان لە ئێران قوربانیی ڕیزی پێشەوەی پێشێلکرانی مافەکانی مرۆڤن، و لەو نێوەدا توندوتیژی، چ حکوومەتی و سیستماتیک، یان توندوتیژی لە کۆمەڵگە و کەشی خێزانیدا، پانتاییەکی بەرفراوان لە ژیانی ژنانی داگیر کردووە.

٤٢ ساڵ لەوە پێش و لەو مانگ و ڕۆژانەدا کە خەبات و خۆپیشاندانەکان بەدژی دەسەڵاتی حەمەڕەزا شا گوڕوتینێکی زۆری گرتبوو، ژنان نەک هەر شانبەشانی پیاوان، بەڵکوو لە هەندێک بواردا لە ڕیزەکانی پێشەوەی ناڕەزایەتییەکاندا بوون. ژنان لەپێناو بنیاتنانی حکوومەتێکی نوێدا کە کە مافە مرۆییەکانیان بەڕەسمی بناسێ، سێبەری نگریسی هەڵاواردن و وەلانانیان لەسەر لابەرێ و لە کۆمەڵگەیەکی یەکساندا بەشداری کایە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان بن؛ بەشداریی هەراویان لە شۆڕشدا کرد. بەڵام دوای سەرکەوتنی شۆڕش و هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی یەکەم چین و توێژەکانی کۆمەڵ بوون کە کەوتنە بەر تیغی سیاسەتی سەرکوت و هەڵاواردنی ڕێژیمی نوێ.

ژنان لە ئێران بەپێی قانوونەکانی کۆماری ئیسلامی سیستماتیک مافە سیاسی، مەدەنی و کۆمەڵایەتییەکانیان پێشێل دەکرێ. پەروەردەی ئایدۆلۆژیکی ڕێژیم بە مەبەستی هەڵاواردنی ژنان و پەستاوتنیان لە سووچی ماڵ بۆ ئامانجی ڕێگری لە بەشدارییان لە کایە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان ئەگەرچی تەنگی بە ژنان هەڵچنیوە، بەڵام کۆڵی پێ نەداون و؛ دوای چوار دەیە هەمدیسان دەبینین ژنان لە ڕیزی پێشەوەی ناڕەزایەتییەکان لەدژی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیین.

بەدەر لە هەڵاواردن و توندوتیژیی سیستماتیکی حکوومەتی لە دژی ژنان، ژنان ئێستاش بەهۆی نۆڕمەکانی کۆمەڵگەی نەریتی ئازار دەچێژن. نەهیشتنی ئەم دۆخەش پەروەردە و هەڵمەتێکی گشتی و بەردەوامی هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵگەی گەرەکە و، قورسایی ئەو ئەرکەش پتر دەکەوێتە سەر کۆڕ و کۆمەڵە سیاسییەکان، توێژی ڕووناکبیر و ڕێکخراوە مەدەنییەکانی کۆمەڵگە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان کە باوەڕی بە یەکسانیی مافی ژنان و پیاوان هەیە، وەک لە بەرنامەکەیدا هاتووە: "بە لەبەرچاوگرتنی بەندەکانی پەیمانی نێونەتەوەیی بۆ نەهێشتنی هەر جۆرە هەڵاواردنێک بەدژی ژنان، دابینکردنی یەکسانیی نێوان ژن و پیاو لەنێو خێزان و لە کۆمەڵدا و، لە مەیدانی کار و دەسەڵات و بەگشتی لە هەموو بوارەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ئابووریدا، بە ئەرکێکی گرینگی خۆی دادەنێ و بەرنامەی چڕوپڕ لەو پێوەندییەدا دادەڕێژێ و بەڕێوەی دەبا.

لە کۆتاییدا وێڕای هاندانی کچان و ژنانی نیشتمانەکەم بۆ خەباتی مافخوازی و وێڕای پێداگری لەسەر پشتیوانیی حیزبەکەم، حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو خەباتە بەرحەق و ڕەوایە؛ دەڵێم: بەڵێ بۆ چێکردنی کۆمەڵگەیەکی یەکسان بەبێ هیچ چەشنە هەڵاواردن و توندوتیژییەک.

**سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**خالید عەزیزی**

**٢٠٢٠/١١/٢٥**

# چوار رێکخراوی مەدەنیی کوردستان لەسەر کوشتاری کۆڵبەران بەیاننامەیەکیی هاوبەشیان بڵاو کردەوە

**چاونیوز:** لە بەرەبەری نزیک بوونەوەی لە رۆژی جیهانی مافی مرۆڤ، چوار رێکخراوی مەدەنی رۆژهەڵاتی کوردستان لە بەیاننامەیەک دا داوا لە وڵاتانی بڕیاردەر و دیموکراتیک هەروەها ناوەندە جیهانییەکانی مافی مرۆڤ دەکەن، لە هەمبەر کوشتن و بریندار کردنی رۆژانە و لەرادەبەدەری کۆڵبەرانی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان هەڵوێستی جدی وەبگرن و ئەو فەرماندە نیزامیانەی هەنگی سنووری پارێزگاکانی کوردستان بخرێنە لیستی گەمارۆ و سزایان بەسەردا بسەپێنن.

**لەبەشێک لە بەیاننامەکەدا هاتووە:**

کۆڵبەری کارێکی سەخت و ناچارەکییە کە بەشێک لە کۆمەڵگای سنووری کوردستان لەبەر نەبوونی ژێرخانی ئابووری، هەڵاواردن، بێکاری، هەژاری، نەبووی هەلی بەرابەری کار، نەبوونی کارخانەگەلی جۆراوجۆری پیشەیی و گرنگی نەدان بە ژیان، زوڵم و چەوساندنەوەی تاکی کورد وەک نەتەوەیەکی ئازادیخواز وایکردووە کە ساڵانە ٨٠ بۆ ١٧٠ هەزار کەس کاری تاقەت پڕوکێنی کۆڵبەری لەم سنوورانەدا بکەن و بەشێک لەم خەڵکە رۆژانە لەلایەن هێزە نیزامی و ئەمنییەتییەکانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران راستەوخۆ تەقەیان لێدەکرێ دەکوژرێن یان بریندار دەبن. ئەوان ئەگە لە بەر فیشەکی بێ بەزەی نیزامییەکان نەجاتیان بێ ئەوجار مەترسی هەڵدێران، تەقینەوەی مین و سەرما و کرێوە برستیان لێ دەبڕێ.

ئەو چوار رێکخراوەی کۆمەڵگای مەدەنی( ناوەندی منداڵ پارێزی رۆژهەڵاتی کوردستان، یەکیتی ژنانی دیموکراتی کوردستان، یەکیتی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد و ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان) بە چەندین زمانی جۆراوجۆر سەرجەم ناوەندە مافە مرۆییەکانی جیهانی، وەزارەتە پیوەندیدارەکانی وڵاتانی یەکیتی ئورووپا و ئەمریکا هەروەها کەسایەتییە کاریگەرەکانیان بۆ پەسند کردنی ئەم هەوڵە ئینسانییە ئاگادار کردووەتەوە.

**لە بەشێکی ئەم داواکارییە دا دەڵێن:**

لە ١٠ مانگەی ئەمساڵ(٢٠٢٠)، ١٨٧ کۆڵبەر کوژراو یان بریندار بوونە کە لەم نێوەدا، ٥٩ کۆڵبەر کوژراون و ١٢٨ کەسیشیان بریندار بوونە کە برینی زۆرێک لەو کۆڵبەرانە زۆر سەختە و بەشێکیان نەقوستان بوونە و بەشێکیش لەبەر نەبوونی و هەژاری تووشی گرفتی جدی بوونەتەوە.

ئێمە کۆمەڵێک لە رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی کوردستانی ئێران داوا لە ئێوە بەرێزان دەکەین لەهەمبەر کوشتن و بریندار کردنی گیانی مرۆڤی کورد بێ دەنگ نەبن و دواکارین کە بەرپرسانی نیزامی بەتایبەت:
سەرتیپی پاسدار ئەحمەدعەلی گودەرزی فەرماندە گشتی هەنگی سنووری (مەرزبانی) رێژیم، هەروەها هەر یەک لە بەرپرسانی هەنگی سنووری پارێزگاکانی ورمێ(سەردار یەحیا حوسێن خانی)، سنە(سەردار عەلیرزا مەرزبانی)، کرماشان(سەرهەنگ یەحیا ئیلاهی) و ئیلام(سەرهەنگ کیاسەت سێپێهری)بخرێنە لیستی گەمارۆکان و لەبەر پێشێل کردنی ئاشکرا و رۆژانەی مافی مرۆڤ سزا بدرێن.

# پەروەردەی درووست بۆچی پێویستە؟



برایم چووکەڵی

هەر حیزبێکی سیاسی هەڵقوڵاوی نێو هەناوی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، وەک حیزبی دیموکرات بۆ ڕزگاری لەژێر زۆلم وزۆردا دەبێ هەموو شێوەکانی خەبات و هێنانی خەڵک لە ژن و پیاو بۆ نێو ئەو مەیدانە دریغی نەکا و هەر لەو کاتەدا بۆ پاراستنی خۆی ودەسکەوتەکانی پێویستی بە زۆر لایەنی پێوەندیدار بۆ درێژەدانی شۆرش وخەبات و بەربەرەکانی هەیە. ئەو شێوە خەباتەی کە ڕێژیم بەسەری خەڵکی کوردستان و حیزبی دیموکراتی دا سەپاندوە نەک تەنیا حازر نەبووە داخوازە بنەرتییەکانی گەلەکەمان دابین بکا بەڵکوو لەسەرەتای هاتنە سەرکارییەوە ڕێگای زەبر و کوشتن و سەرکوتی جووڵانەوی کوردی گرتوتە پێش. ئامانجی سەرەکی لەو باسە بۆ بەرەنگاری لە هەلومەرجی ئەمڕۆدا لەگەڵ کۆماری ئیسلامی، ئاموزش یان پەروەردەیەکی درووست بەپێی ئوسولی کە لەو هەلومەرجەدا تەشکیلات دایدەمەزرێنی لەبەر چاوی بگرین. ئێمە دەبێ ئەو واقعییەتە قەبوول بکەین وەک پێویست گرینگیمان بە پەروردەی شۆرشگێرانە و هەمەلایەنە لە نێو شۆرش و ڕێکخراوەکانی خۆماندا نەداوە.



لەحیزبی سیاسیدا پەروەردە و بارهێنان وەک ڕوکنێکی بنەڕەتی لەبەر چاو نەگیراوە و ئەهمییەت دان بەو بەشە، ئامووزش و بارهێنان واتاو نێوەرۆکی هەمەلایەنە و گشتی هەیە، بۆیە لەهەر بازنەیەکدا بەڕادەی پێویستی گرینگی مەبەست، نێوەرۆکی جیاواز بەخۆیەوە دەگرێ. تەنانەت بەشێوەیەکی سادەش دەتوانین بڵێین پەروەردە وبارهێنان بۆ ئینسانەکان کەرەسەیەکی پێویستە بۆ گەیشتن بەئامانجی دیاری کراو. ئێستا کە قۆناغێکی دیکە لەخەبات و بەربەرەکانی لە ئارادایە پێویستمان بە پەروەردەی شۆرشگێرانە هەیە، مەبەست لەچیە.

مەبەستی ئەو نووسراوەیە پەروەردەی شۆرشگێرانە لەناو حیزبێکی خاوەن مێژوو و شۆرشگێری وەک دیموکرات دایە، بەواتایەکی دیکە بارهێنان وئاموزش هەستی فیداکاری و لەخۆبوردوویی بۆ خزمەت بە حیزب و نەتەوەکە، لە هەمان کاتدا بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی نیشتمان، چونکی پەروەردە ئەزموونی بەکردەوەی ئینسانەکان لە کۆمەڵدا وجوودی هەیە فێرکردن وپەروەردە بۆ مەبەستی دیاریکراو لەسەر بناخەی ئەزموونی رابردوو بۆ دابین کردنی ئامانجەکانە، لەسەریەک هەموو ئەزموونێک، چ براوە یا دۆڕاو بۆ ئێمەی شۆرشگێر ئاموزش و پەروەردەیە. لە ڕەوتی خەباتدا، لە حیزبی سیاسی هەر کار و هەڵسوکەوتێک بە سەرکەوتن و سەرنەکەوتنییەوە، ئەزموون و ئاموزشێکی بەکەڵکی سیاسی وکۆمەڵایەتییە. بۆیە دەبێ پێداگری بکەین لە کەڵک وەرگرتن و لەبەرچاوگرتنی هەموو ئەزموون وپەروەردەیەک پێوەندی بە هەلومەرج و بارودۆخ کات و جێگای بەکار هێنانییەوە هەیە. هەر بۆیە دەبێ کاتی دیاریکراوی بەردەوام وەک یاسایەکی گشتی لەگەڵ هەلومەرجی قۆناغی خەبات ڕێک بخرێ ویارمەتی بە گەشەدانی بیری ئینسانەکانی نێو خەبات دەکا.

ئاموزش هەر ئەوە نیە کە ماوەیەک لە دەورەی سەرەتایی ژنان و پیاوان فێر دەبن بەڵکوو ڕاست ڕوو لە گشت شۆرشگێرانە بۆ پەروەردەی درووست لەبەرامبەر ڕێژیمێکی درەندەی ئەورۆی وەک کۆماری ئیسلامی. چونکی ئاموزشی سیاسی وەک سەرچاوەی کانی وایە ئەسڵێکی بنەڕەتییە بۆ بارهێنان و پەروەردەی سیاسی و سازماندەهی لە حیزبی سیاسیدا.

لەحیزبی سیاسیدا هێز وتوانای سیاسی و شۆرشگێری لە حەرەکەتی بەکردەوەو نەزم دیسپلینیدا، لە ڕادەی تێگەیشتنی سیاسی وکۆمەڵایەتیی ئەو حیزبە سەرچاوە دەگرێ. ئەگەر ورتر لە ئاموزش بڕوانین پلەی پرنسیپی حیزبی و تەشکیلاتییە. چونکە ڕادەی چونسەری شارەزای هەرکەسێک لە شەریشدا بەپێی شارەزای ئەزموونی سەیلی سعودی دەپێوێ و بۆیە بردنە سەری پلەی شارەزایی سیاسی هەموو ژنان و پیاوانی پێشمەرگە بۆ بەڕیوەبردنی ئەرکەکانیان کارئاسانی بۆ حیزبەکەیان دەکا و لە ئامانجیان نزیک دەخاتەوە، لەخۆڕا نیە کە دەڵێن لە مەیدانی خەباتدا شۆرش وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی بە بەردەوامی پێویستی بە ئاموزش هەیە.

کەڵک وەرگرتن لە کات وجێگەی خۆی بە شێوەیەکی درووست بۆ ئاموزش، ئەو کاتەیە دەتوانین قامک بۆ ئەو ڕاستییە درێژ بکەین کە بڵێین تێگەیشتوو وپێگەیشتووین و پەروەدە و فێرکردنمان لە مەیدانی خەبات کاری درووست بووە.

دەبێ باوەڕ بەوە بێنین کە خۆمان لەگەڵ ئەو ئەسلە هەڵسەنگێنین و بۆمان دەردەکەوێ کە تا چ ڕادەیەک هەولمان بۆ داوە خۆمان و ئەفرادمان پەروەردە بووە.

پەروەدەو ئاموزش بۆ هەموو کات پێویستە بەتایبەتی بۆ ئەمڕۆی حیزبەکەمان کە جیهان سەردەمێکی تکنۆلۆژی دەپێوێ و ئێمەش ڕووبەڕووی ئەو ڕێژیمە بووینەوە. لێردا مەبەستم ئەوەیە ئەوەندی ئێمە پەروەدە و ئاموزش گشتی بەهێز بکەین لەبەرامبەر دوژمن بە هێزترین. ئەگەرچی ئەو بە ئەنواعی چەک وچۆڵ وشتی پێشکەوتوو بە چنگ و ددان لەگەڵمان دەکا کەوابوو ئەوەش ڕێگای ئێمەیە. کاری پەروەردە و ئاموزش دەبێ ببێتە خوراکی شەو ورۆژی ئێمە، بەومانایە کە بە پەروەردەی درووست دەتوانین بۆ هەر پێشهاتێک بەرەنگاری باشیش بکەین.

# ژیانی ژنان لە بەر دەم ڕێگایەکی مەترسیدار



سروە فەتاحی





ئەگەر ماوەیەک هەواڵی خۆکووژی یان کووشتنی ژنێک نەبیستین ڕەنگە زۆر بەلامانەوە سەیر بێ و تووشی بیرکردنەوە بین کە ئایا کۆمەڵگەی ئێمەش بەرەو پێشکەوتن هەنگاو دەنێ و کاتی ئەوە هاتووە کە ژنیش وەک پیاو بە مافی یەکسانەوە بژین؟

هەر وەک بۆ خوێنەران ڕوون و ئاشکرایە لەو ماوەیەی ڕابردوودا هەواڵی خۆکووژی و کووشتنی ژنان لە کوردستان بە بەردەوامی بە گوێمان دەگەیشت. هەر ڕۆژە ژنێک گیانی لێ دەستێندرا یان کۆتایی بە ژیانی خۆی دێنا.

هەواڵی خۆکووژی و کووشتنی ژنان لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکان بەڕادەیەکی یەکجار زۆر بە نیسبەت وڵاتانی پێشکەوتوو بە گوێمان دەگا. ئەوە ڕاستی کۆمەڵگەی ئێمەیە و حاشای لێناکرێ کە تا ڕادەیەکی یەکجار زۆر سوونەتە کۆنەکان بە سەرماندا زاڵە و پەروەردەیی فکری زۆر لاوازە، باوەڕە ئایینییەکان لە ژیان و بیرکردنەوەی خەڵک ریشەی داکووتاوە و ژیانیان بە پێی شەرع و ئایینی پتر لە هەزار ساڵ لەوەپێش دەڕواتە پێشێ. لە لایەکی دیکەشەوە دەسەڵاتی حاکم دەسەڵاتێکی تەواو ئایینییەوە و یاساکان بە پێی شەرعی ئیسلام بەڕێوە دەچێ. هەروەها دیاردەی نامووسپەرەستی لە نێو ئێمەدا ڕۆڵێکی یەکجار زۆر لە ژیانی ژنان دادەگێرێ، زۆر ژن بە هۆی پاراستنی ناموس لە لایەن بنەماڵەکانیان کووژراون، یان لە لایەن یاساوە سزای قورس دراون. لە وەها کۆمەڵگەیەکدا ژنان لە هەموو بەشەکانی کۆمەڵگە و تەنانەت بنەماڵە لە پەراوێز خراون و بە هەموو شێوازێک بەرەورووی توندوتیژی چ لە نێو بنەماڵە و چ لە نێو کۆمەڵگە دەبنەوە.

بە ئاوڕ دانەوەیەک لەو دوایانەی وڵات ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە بارودۆخی ئێستای ژیانی خەڵک کاریگەریی زۆری لە سەر شێوەی بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتیان داناوە. گەمارۆ ئابوورییەکانی کە لە لایەن وڵاتانی ئامریکایی و ئوروپایی ئاراستەی ئێران کراوە کاریگەری ڕاستەوخۆی لە سەر ژیانی خەڵک داناوە. داهاتی کەم و گرانیی پێداویستییەکانی ڕۆژانە، ژیانی خەڵکی ئاسایی تووشی مەترسی کردووە. ڕێژەی هەژاری چەند بەرابەری پێشوو ڕووی لە هەڵکشان کردووە، خەڵکێکی زۆر بێکارن و بێ هیچ داهاتێک لەو پەڕی هەژاریدا ژیان دەبەنە سەر. لە وڵاتێکدا کە لە ژێر گەمارۆی ئابووری دایە و ژنان هیچ دەرەتانێکی ئابوورییان نیە و کارکردنی ژنان زۆر ئەستەمە، تەنانەت ئەو ژنانەی کە کاریش دەکەن لە شوێنی کارەکانیان بەردەوام تووشی توندوتیژی و سووکایەتیی دەبنەوە ناچار دەکرێن دەست لە کارەکانیان بکێشن و دووبارە گوزەرانی ژیانیان لە ژێر دەستی پیاوانی بنەماڵەدا بێ. ژنان ئەگەر لە باری ئابوورییەوە تا ڕادەیەک سەربەخۆ بن ئیتر بە پیاوان ئەو ئیجازەیە نادەن کە لە هەموو بوارێدا بڕیاریان بۆ بدەن و ژیانیان بە دڵی ئەوان بچێتە پێشێ. بەڵام ڕێژەیەکی یەکجار زۆر لە ژنانی کۆمەڵگەی ئێمە بە تایبەت کۆمەڵگەی کوردی بە هۆی نەبوونی ئابووری سەربەخۆ تا کۆتایی ژیانیان دەبێ لە ژێر سێبەری بنەماڵەکانیان دابن. ژنانی ئێمە بۆ ئەوەی بتوانن بژین و لە تانە و تەشەری کۆمەڵگە بە دوور بن بە هەموو شێوەیەک ملکەچی ویست و داواکانی پیاوان و یاساکانی کۆمەڵگە دەبن.

هەموو کات ڕۆڵ و توانای ژن لە بەڕێوەبردنی پرۆسەی

کۆمەڵایەتی و ئابووری و بەتایبەتیی سیاسی تووشی زۆر گیر و گرفت دەبێتەوە، ئەو گیر و گرفتانە لە قۆناغی یەکەم لە لایەن بنەماڵەوە و پاشان کۆمەڵگە ڕووبەڕووی ژنان دەبێتەوە. هۆکاری سەرەکی یاسای زاڵ بەسەر وڵاتدا و شێوەی دەسەڵاتداری کۆماری ئیسلامییە، یاسایەک کە لە چوارچێوەی شەرع و رادیکاڵیزمی کۆنەپەرەستانەی ئیسلامی دامەزراوە. ئەو وڵاتانەی کە لە بوارەکانی ئابووری، سیاسی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیی لەوپەڕی پێشکەوتن دان، سیستمێکی تەواو دیموکرات و دادپەروەر بۆ پێگەیاندنی ژنان و پیاوان لە هەموو بوارەکاندا حاکمە و ژنان لەوپەڕی ئەمنییەت دا بە شوێن ویست و ئامانجەکانیان دەکەون. بەڵام بەداخەوە لە کۆمەڵگەی ئێمە لە ژێر حاکمییەتی کۆنەپەرستانە و دژە ژنی کۆماری ئیسلامی و هەروەها مانەوەی کلتووری پیاوسالار لە نێو ژیانی خەڵک دا دەرفەتی گەشەکردن لە زۆر بواری گرینگ لە ژنان ئەستێندراوەتەوە و ژنان ئەو جوورەی کە دەیانهەوێ نەیانتوانیوە کاریگەری ئەوتۆیان تەنانەت لە بەڕێوەبردنی ژیانی بنەماڵەیی خۆشیان دا هەبێ. کەوایە بەو ئەنجامە دەگەین کە سەربەخۆیی ئابووری ژنان کاریگەریی راستەوخۆی لە سەر کەمکردنەوەی ڕێژەی خۆکووژی ژنان هەیە.
هەر چەند لەو ساڵانەی رابردوودا ڕێکخراوەکانی ژنان و چالاکانی مەدەنی زۆر هەوڵیان داوە کە ژنان هان بدەن بۆ کارکردن لە دەرەوەی ماڵ و هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە بەڵام بەداخەوە نە لە کۆمەڵگە و نە لە نێو یاسای زاڵ بە سەر وڵاتدا ئەو بەستێنە بۆ ژنان نەرەخساوە کە بێ هیچ گیروگرفتێک خۆیان لە بازاری کاردا ببیننەوە. لە راستیدا تەنیا بە هەوڵی چالاکانی مەدەنی کۆمەڵگە بەرەو هۆشیاری ناڕوا لە کاتێک دا کە لە نێو دامودەزگاکانی ڕێژیم دا هیچ هەوڵێک بۆ ئەو مەبەستە نادرێ و بگرە بە هەموو شێوازێکیش کۆسپ دەخەنە سەر ڕێگای کەسانی سەرپێچیکەری یاسای دواکەوتوو. ژنانی چالاک و کەسانی مافخواز دوای ماوەیەک کار و تێکۆشان لە لایەن بەشە ئەمنییەکانی ڕێژیم دەسبەسەر دەکرێن وزیندانی قورسیان بەسەردا دەسەپێ یان لە ژێر گوشاری دەزگا ئەمنییەکان ناچار دەکرێن دەست لە چالاکییەکانیان بکێشن.
با ئەو ڕاستییە بزانین کە ئەرکی سەرەکی هۆشیارکردنەوەی هەر کۆمەڵگەیەک لە سەر شانی دەسەڵاتی حاکم و بەشی پەروەردەیی ئەو وڵاتەیە بەڵام بەداخەوە یاساکانی کۆماری ئیسلامی دژایەتی هەر جۆرە پێشکەوتنێک دەکا. لە لایەکی دیکەوە کۆماری ئیسلامی بۆ مانەوەی زیاتری خۆی هەوڵ دەدا کۆمەڵگە لە بەندی کلتووری کۆنەکان دا بهێڵێتەوە و ئیجازەی پێشکەوتن بەتایبەتیی بە ژنانی وڵات نەدا، چوون دەزانێ ژنی پێشکەوتوو منداڵی پێشکەوتوو پەروەردە دەکا.

# شیکاریی دەروونناسی وێنەی منداڵان


وەنەوشە کەریمزادە

**پیش ووتار....**

**هەست بە وینەکیشان هەرلە ساتەکانی مندالیەوە لە ناخی مرۆڤدا هەیە و دەتوانین بلێین ,لەگەڵ لەدایکبوونی منداڵ هەستی وینەکیشانیش لە ناخیدا دروست دەبێت، هەموویان پێش لە رویشتن بۆ باخچەی ساوایان زۆر جار دیوارە کانیان بە پاندان هێل هێل کردووە ئیستاش ئەگەر سەیری منداڵانی خۆتان یان دراوسێ بکەن دەبینن هەمان هەستی ساتەکانی منداڵی خۆتان لە ناخی هەموو ئەو منداڵانە کە دەیبینین هەیە لەوانەیە بە هۆی جیاوازی کەلتوری یان کاریگەری کۆمەڵگا هەندی جیاوازی ببیندرێت بەڵام دەتوانین بڵێین بە بی جیاوازی لە زۆرینەی منداڵانی جیهان لە کاتی لە دایکبوون ئەو هەستە هونەریشە لە دایک دەبێت لە ڕاستیدا وینە و وینەکیشان زمانی منداڵە وتەنها یەک پەندان و یەک لاپەرەی سپی دە توانیت چەند کاتژمێر منداڵان بە خۆی سەرقاڵ بکات و هیزی بیرکردنەوە و خەیاڵی منداڵ بەرفراوان بکاتەوە**

منداڵان بە پیچەوانەی مرۆڤە بە تەمەنەکان لەجیاتی ئەوەی کە تەنها بە قسەکردن هەستو و بۆچونی خۆیان دەرببرن, هەوڵ ئەدەن لە ڕێگای وینە کیشانەوە ناخی خویان دەرببرن.لە بەر ئەوەش زوربەی پسپۆرانی بواری سایکۆلۆجیای منداڵان لەو باوڕە دان کە دکتۆری لیهاتوویی دەروون ناسی دەتوانیت چە لە ڕیگای وینەی منداڵەکان لە خولیاکان,هیواکان,ئاواتەکان و تەنانەت ئازارەکانی منداڵان تیبگات و هەوڵ بدات بۆ چارەسەر کردنی کیشەکانیان.

**وینەکان چی بو دکتۆری دەروون ناس ڕوون دەکاتەوە؟**

**١: ئایا منداڵان لەگەڵ باوک یان دایک کیشەی هەیە؟**

**٢: ئایا دایک و باوک خۆیان لەگەڵ خودی خویاندا کیشە یان هەیە؟**

**٣: منداڵ لە گەشەکردنی منداڵیدایە، یان تووشی هەندێ حالەتی سەرکوت کردن بووە؟**

**٤: منداڵ هەست بە ئازادی ئەکات یان هەست بە بستنەوە؟**

**٥: منداڵ هەست بە تەنهایی دە کات یان ئەوەی کە خۆی لە نیو هاوریانی خۆی ئەدوزیتەوە؟**

**٦: منداڵ کەسایەتی داهینەری هەیە یان تەنها لاسایی هاوپۆلەکانی ئەکاتەوە؟**

منداڵ بە بێ ئەوەی کە خۆی بزانێت لە ڕێگای وێنە کێشانەوە هەموو ڕاستیەکانی خۆی دەر ئەبرێت و وەکوو شاعیرێکی مەزن



کە چۆن بە ووشەکانی رووناکی دەبەخشێت منداڵیش بە هەمان شێواز بە وێنەی خەیاڵی هەوڵ ئەدات تا خولیاکان و ئاواتەکانی دوور و درێژی خۆی لە داهاتوودا بەم شێوازە بخاتە روو.

لەبەر ئەوەش هەندێک مێژوو نووسەکان باسی ئەویان کردووە کە زۆربەی سەرۆکەکانی جیهان یان ئەو کەسانەی کە لە تەمەنی ٤٠ یان ٥٠ ساڵیدا کاریگەریان بووە لە ئاستی جیهاندا،لە ساتەکانی منداڵیەوە وێنەی داهاتووی ،خویان لە سەر لاپەڕە ئامادە کردووە و قوناغ بە قوناغ هەولیان داوە تا خولیاکانی منداڵیان بێتە ئامانجێکی راستەقینە. منداڵ هەمیشە هەوڵ ئەدات کە جیهان نەبەو شێوازە کە ئیمە دەیبینین , بەڵکو بەو شێوازە کە خۆی هەستی پی ئەکات و خۆی , دیبینیت لە سەر لاپەڕەی سپی وێنەی بکات. بە داخەوە دایک و باوک , خزموو کەسوکار زۆر جار لەجیاتی ئەوەی کە هەوڵ بدەن منداڵەکان بە شێوازێک پەروەردە بکەن کە ئازادانە و بە ئارەزووی خۆی وێنەبکات, هەندێ جار گاڵتە بە هێڵ کێشانی منداڵان ئەکەن و هەست بەوە ناکەن کە منداڵ لەو رێگایەوە, تواناکان و داهاتوویی خۆی دەسەلمێنێت ودەری ئەخات بازنەکان و هێڵەکان لە روانگەی منداڵانەوە زۆر زۆر مەسەلەیکی گرنگە،بەلاّم ئێمە لە زمانی ئەوان تێناگەین, هەندێ جار دکتۆری دەروون ناس لە رێگای بازنەکانو, هێڵەکان ئاستی ترمی یان بەرزی ئازارە کانی منداڵ ئەدۆزێتەوە.

یەکێک لە گرنگترین تایبەتمەندی وێنە بو منداڵان **و پسپۆڕانی بواری دەروون ناسی ئەویەکە::**

١: دکتۆری پسپۆڕانی منداڵان یان باوک ودایک و مامۆستای قوتابخانە پێویست ناکات کە راستەوخۆ کاریگەریان ببێت لە سەر منداڵ, وێنە ئامریکی یەکجار یارمەتیدەرە بو ئەوەی کە بە شێوازێکی کاریگەر و ناراستەوخۆ لەگەڵ جیهانی منداڵ و کیشەکانی پەیوەندی درووست بکەیت, بە مەبەستی یارمەتیدان بە منداڵ.

٢: هەلی ئەوەش بۆ دکتۆر و بنەماڵەی منداڵەکە دەرەخسیت کە لە سەتە جیاوازە کاندا چەندین وێنەی خویندکارەکە هەلسەنگێنن و بە هەلسانگاندنی جاروبار بۆیان دەرئەکەویت کە تا چ رادەییک کێشەی دەروونی منداڵ چارەسەر کراوە.

خاڵێکی زۆر گرینگ هەیە کە بە داخەوە زۆر جار گرینگی پێنادرێت و ئەویش ئەوەیە کە منداڵ وەکوو هونەرمەند وایە, بەو شێوازە کە هەیە لەگەڵ راستیەکانیدا نابینێت, بە ماناییکی تر یە و شێوازەکەی خۆی هەست بە جیهان و کومەڵگا دە کات و وێنەکان دەکێشێت. کە واتە لە پولێکدا کە ٢٠ منداڵی تێدا هەیە ٢٠ وێنەی جیاواز دەبینن کە خۆی دەسەلمێنێت کە هیچ دو منداڵێک وە کوو یەک بیرناکەنەوە, تەنانەت هەستیشیان زۆر جیاوازە. لە بەر ئەوەش ئەگەر بنەماڵە و کەسایەتی تریش لە منداڵ ئاگاداری ئەو مەسەلەیە ببن, زور نهێنیان بۆ دەرئەکەویت بەلاّم نەبە مەبەستی زانیارییکی گشتی, بەڵکوو وە کوو دکتۆرێکی دەروون ناس کە بە بچووکترین پەراویز گرنگترین کێشەکان ئەدوزێتەوە.

هەست بە تەنهایی, هیلاکی و ئازار لەوێنەکاندا ئەوکاتەی کە منداڵ بە هۆی توندووتیژی جەستەیی یان بە هۆی قسەی تاڵ لە لایەن دایک و باوکی نەخویندەوارەوە هەست بە ئازار دەکات و ئەوساتەی سووکایەتی بەرامبەری ئەکرێت, لە دواییدا کە لە نێو, وێنەکانیدا, دەری ئەبرێت, هێلی براو ناراستەوخۆ بازنەی رەش و هەموو ئەو شتانە کە لە نێو و وێنەکانیدا دەری ئەبرێت دەسەلمێنێت کەلە بنەماڵە یێکدا ئەژی کە بەبەر دەوامی لە ململانی بە سەردەبات. هەندی جار خانوییک وێنە دەکات کە هیچ پەنجەرەییکی نیە وئاسوییکی روون نابیندرێت و هەست بە مردوویەتی وێنەکە دەکەیت,ئەم جورە وێنە کێشانە دەری ئەخات کە لە ناخی منداڵدا هیوا و ئومێد مردووە و هیچ ئاسوییکی روون لە بەر دە می منداڵ نابیندرێت.

**پەیامێک بو دایک و باوک:**

هەستی منداڵی لە ناخی هەموومان‌دا هەیە و ئیمە بە چاوەکانی ئەو منداڵەیە کە روژێک سەیری جیهانمان کردووە , بەلاّم بە داخەوە تا رادەییک لە جیهانی منداڵ دوور کەوتووینەتەوە کە بۆ تیگەییشتن لە وێنەکانی منداڵان, تەنها سەیر کردن بۆ ئیمە ناتوانیت کاریگەری ببێت بەڵکو پیویستە کە ئیمە بە شێوازێکی ئاکادمیک لیکولینەوەی بۆ ئەنجام بدەین, بەو مانایە ئەوندە گرینگی بدرێت بە منداڵ و وێنەکانی کە هاوکات کە وێنەکان دەکێشێت داوایی لی بکرێت کە بۆچوونی خۆی دەربرێت سەبارەت بە هەموو ئەوشتانە کە وێنەی کردووە و هەلی بو برەخسێت کە بە ئاسایی و بەبێ ترس لە بارەی ئازارە کان و کەموکوڕییەکانی ناخی کە لە نێو وێنەکانیدا دەبیندرێت قسە بکات

# نا بۆ بەئاسایی وەرگرتنی توندوتیژی دژ بە ژنان

٢٥ی نۆڤامبری ٢٠٢٠ی زایینی ٨٠یەمین ساڵوەگەڕی کوژرانی خوشکانی میرابڵ بە تاوانی دژایەتیکردنی دەسەڵاتی دیکتاتۆری ئەو کاتی دۆمینیکەن، ڕافائیل تورجیلۆ یە. ئەو سێ خۆشکەی بە بەختکردنی گیانیان بوون بە هێمای بەرخۆدانی خەڵکی و فێمینیستی. ساڵی ١٩٩٩ لە کۆبوونەوەی گشتیی وڵاتە یەکگرتووەکان ئەو ڕۆژە بۆ ڕێەزلێنان و پیرۆزکردنی یادی خوشکانی میرابڵ وەک ڕۆژی جیهانیی بەرنگاربوونەوەی توندووتیژی دژی ژنان دیاری کرا. ئامانج لەو کارە وشیارکردنەوەی ویژدانی مرۆڤایەتی و ناساندنی شێوازەکانی توندوتیژی دژی ژنانە و ڕێگریکردن لە تەشەنەکردنی ئەو دیاردە ڕووخێنەرەیە.

دیارە توندووتیژی دژی ژنان تەنیا توندوتیژی فیزیکی بە شێوەی لێدان و ئازاری جسمی نییە. شێوازەکانی دیکەی توندوتیژی وەک توندووتیژیی ڕووحی، کە بۆ وێنە دەتوانێ بە سووکایەتیکردن، هەڕەشەلێکردن و شکاندنەوە و بێحورمەتی خۆی دەرخا، هەروەها توندووتیژی جنسی، واتە بەزۆر تێکەڵبوون لەگەڵ ژنان تەنانەت ئەگەر لەلایەن مێردیشیەوە بێ و تەشقەڵەی جنسی و هەوڵدان بۆ پێوەندی جنسی بە بێ ڕەزامەندی ژن، هەروەها توندووتیژی کۆمەڵایەتی بۆ نموونە پەراوێزخستن و بێبەشکردن لە ئیمکاناتی پێگەیشتن، جیاوازیدانان و سەرکوتکردن کاتێک بە مەیلی پیاوان هەڵسووکەوت نەکەن، و بەرتەسککردنی چالاکییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ژنان، هەمووی دەکەونە بازنەی توندووتیژی دژی ژنانەوە.

بە داخەوە کۆمەڵگای کوردستانیش یەک لەو کۆمەڵگایانەیە کە سەرەڕای پێشکەوتنی بەرچاو لە باری خوێندەواری و کراوەیی بەرەو دنیای دەرەوە لەو ساڵانەی دواییدا، ئێستاش مەودایەکی زۆری بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگایەکی یەکسان ماوە بیبڕێ. شێوازە ئاماژەپێکراوەکانی توندووتیژی دژی ژنان، بە تایبەت کوشتن بە بیانووی ناموسەوە، لێدان و ئازاری جسمی و سووکایەتی پێکردن و بەکەمزانینی ژن و پێشێلکردنی ئازادییە تاکەکەسییەکانی ژن زۆر باوە. یاسای پێویست بۆ بەرنگاربوونەوەی دیاردەی قێزەونی توندووتیژی دژی ژنان نییە و ڕێگە ئاوەڵەیە بۆ تاوانکاری دڵڕەق تا بە دڵی خۆی کەلکاوەژۆ لەو هەموو مەرجە وەردەگرێ.

جێی خۆیەتی وەک نموونەیەکی نوێ لەنۆرماڵ بوون و ئاسایی بوونی توندوتیژی دژی ژنان لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا ئاماژە بە کەیسی گێچەڵیی سێکسی بە ‹سۆلین› لە باشوری کوردستان بکەین کە ئەم ڕۆژانە مێدیای کوردی بە خۆوە سەرقاڵ کردووە. یاسادانەر بۆ دژکردەوەی سۆلین سزای دیاری کردووە و مەحکوومکردنی سۆلینی زۆر هاسان و ڕەوان و بەپەلە پەسند کردووە، بەڵام ئەو هەڵسووکەوتە نامرۆڤانەیەی سۆلینی مەجبوور بە دژکردەوە کردووە وەک نۆڕمێکی سەقەتی کۆمەڵگە ڕێگەپێدراوە و تەنانەت بە تاوانیش نەناسراوە بەڵکوو وەک هەڵسووکەوتێکی ئاساییش هاتۆتە بەرچاو. ئەوە نۆرمە غەڵەتە لە لایەن ئێمەوە، وەک "یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان" بە توندی مەحکوومە و ڕەد دەکرێتەوە. داواکارین دەستدرێژی بۆ ئازادیەتاکەکەسێکان و گێچەڵی سێکسی وەک کەیسی سۆڵین بەئاسایی وەرنەگیرێ وەک تاوان پێناسەبکردرێ!

ئێمە وەک "یەکیەتیی ژنانی دێمۆکراتی کوردستان" وێڕای بە گرینگزانین و پیرۆزکردنی ڕۆژی جیهانیی بەرنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان، پێمانوایە کە ناسین و ناساندنی شێوازەکانی توندووتیژی دژی ژنان زەروورەتێکی گرینگی کۆمەڵایەتییە و پێویستە هەوڵی زیاتری بۆ بدرێ و ئیمکاناتی زیاتری بۆ تەرخان بکرێ. ئەو کارە پێویستی بە بەڕێوەبردنی چالاکیی فێرکاری و کۆمەڵایەتیی بەربڵاوە. ئەو فێرکاریانە دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی وشیاری کۆمەڵگە و یاریدەدەر دەبێ بۆ هەنگاونانی کارامەتر بەرەو کۆمەڵگەیەکی یەکسان و تەندرووست کە هەم ژن بۆ خۆی و هەم پیاوان لە مافە یەکسانەکانی تاکەکانی مرۆڤ ئاگادار بن و ڕێزیان لێ بگرن.

**ڕاگەیەندراوی "یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان**

**٢٠٢٠-١١-٢٤**

# بۆچی ژنان سیغە دەکرێن؟ و ئەو ژنانەی سیغە دەکرێن کێن؟

ئاوین_م



لە وڵاتی ئێران بە پێی یاسا ئایینیەکان زەواجی «صیغە» حەلال و شەرعی و قانونی پێناسە کراوە! «صیغە» یەعنی هەر پیاوێک چ ژنی هەبێت و چ ژنی نەبێت دەتوانێت هەر چەند ژنێک کە پێی خۆش بێ بە نێوی «ازدواج حلال» لە چەند ساعەت را تا چەند ڕۆژ یا زیاتر بەخزمەت و دە ئیختیاری خۆی دەربێنێت. و قانونی ئێرانیش دەڵێ هەر ژنێک کە باکرە نەبێت و مێردی نەبێت و باکرەکانیش اگە ئیزن و ئیجازەی بابیان لەسەر بێ بۆ هەڕ چەند پیاو کە بتوانن و پێیان خۆش بێ دەتوانن «صیغە» ببن و هەر چی زیاتر بێ سەوابیشی زیاترە.

**ئەو ژنانەی کە بۆ لای «صیغە» دەچن چەند دەستەن:**

هێندێکیان ژنی لەش فرۆشن و فرۆشتن و کرینی لەشیان بە حەقی خۆیان دەزانن و لە هەمو وڵاتێکیش هەن و بۆ وەی کە لە شلاق و زیندان و زینا و سەنگسار خلاسیان بێت دەڵێن «صیغە» مان کردوە و بەو نێوە شەرعی و قانونیە وە کە وڵاتی ئێران و لە یاساکەی دا ریزی لێگیراوە خۆیان دەرباز دەکەن.

هێندێکیان ژنانێکی مەزهەبی نائاگاهن کە بە تەبلیغاتی حکومەتی وایان مێشک شتوون کە «صیغە» بون بە خێر و سەواب دەزانن کە هەم لزەتێکی شەرعی و قانونیە و هەم نەفعی مادیشی بۆ وان تێدایە.

هێندێک لەو ژنانە کە زیاتر لە هەموان بونە قوربانی، ئەو ژنانەن کە سەرپەرەستی ماڵ و منداڵیانن ونەیانتوانیوە کار و ئیش و مەنبعی دەرئامەدی ئابوری سالم و شەرافەتمندانە بدوزنەوە و بۆ بەرێوە بردنی ژیانیان بە ناچار ڕویان لە لەش فرۆشی «صیغە» هێناوە.

لەونێو دا پیاوانێکی هەرزە کە ژنیان هەیە و بەڵام پێیان خۆشە لەگەڵ ژنی دیکەش بنون و ئەو پیاوانەی کە ژن و دۆست و پارتنێری جنسیان نیە و بە «صیغە» کردن بە جێی ئیشق و خۆشەویستی، سێکسی قانونی بۆخۆیان جور دەکەن زیاتر بۆ لای «صیغە» کردن دێن و قەبوڵیانە و پێیان شتێکی باش و بەجێیە و حمایەتی لێدەکەن.

لە ماوەی چەند سالی ڕابردو ڕا وڵات و حکومەتی ئێران بەجورێکی دیکە کەڵک لەو ژن فرۆشی و لەش فرۆشی و بێ رێزیە بە ژن وەردەگرێ. لە شاری مەشهد کە لە باری مەزهەبی و ئایینی جێگاییکی موقەدەسی زیارەتی بۆ شیعەکانە زیاتر لە هەمو ئێران ئەو بێ رێزیانە وەبەرچاوە. هەم لە ناوخۆی ئێران و هەم لە وڵاتانی دەوروبەر بەتایبەت شیعەکانی ئێراق، ساڵانە هەزاران کەس بە بۆنەی زیارەت و بۆ سێکسی بە قەولی خۆیان شەرعی دێنە ناو مەشهەد. هەزاران خانو و شوێن لەو شارە بۆ ئەو کارە تەعیین کراوە کە لەوێدا بە ئاشکرایی کرین و فرۆشتنی ساعەتی و ڕۆژانەی ژنان بە نێوی «صیغە» دەکرێ. لە ماوەی سالیێک لەوەی پێش ڕا کە پولی ئێران زۆر دابەزی و کێشەی ئابوری زۆر زیاتر روی لە ئێران کرد حکومەتی ئێران لەو شوێنە و لە نێوی «صیغە» ی ژنان بۆ جەزبی توریست کەڵکی وەرگرت و ژمارەی ئەو کەسانەی لە یەک سالی ڕابردو را چونە مەشهەد بۆ سێکس و «صیغە» ی شەرعی چەندین بەرابر بوە و قازانجێکی ئابوری یەک جار زۆری بۆ حکومەت و «آستان قدس رضوی « هەبوە. ئەو خانو و شوێنانە کە بە « خانە های عفاف» نێو نراون و دەناسرێن بونە جەهنەمێک بۆ ژنانێک کە لە ناچاری و هەندێک جار نەزانی و نائاگاهی دا توشی بوون. زۆر بەی ئەو کچانە و ژنانەش کە لە کۆمەڵگا و لە ناو خێزانەکان دا بە هۆی پیاوسالاری و کێشەکانی خێزانی توشی هەڵاتن لە ماڵ دەبن و سەر لە کەلانتەریەکان دەردێنن بەو شوێنانە معرفی دەکرێن و تەشویق دەکرێن بە فرۆشتنی لەشیان بە «صیغە» بون، کە ئاوا هەم توشی بێ شەرعی و بێ قانونی کردن نابن و هەم خێر و سەوابیشیان پێ دەگات.

ئەوە فرۆشتنێکی ئاشکرای ژنانە کە حکومەتە دژ بە ژنانەکەی ئێران بە هەڕ جورێک کە بتوانێ کەڵکی لێ وەردەگرێ و بەداخەوە ساڵانە هەزاران ژن و کچ توشی دەبن و تازە ناتوانن خۆیانی لێ دەرباز بکەن.

ئەوە هەر یەکێک لەو بێ رێزیە گەورانەیە کە حکومەتی ئێران بە ژنانی دەکات. ئەوەی کە ژنان وەکو کالا و «ابژەی « جنسی دەبینێ کە هەر زەمان پیاوەکان ئیرادە بکەن دەتوانن دەست درێژی بۆ جەستە و ڕەوانی ژنان بە حوکمی دین و یاسا بکەن. ئەوەی کە ژنان هەر بە کالاییێک دەبینن کە دەبێ دە خزمەت پیاوان دابن و هەمیشە ڕێگاییێک بە نێوی دین بۆ شاردنەوەی بێ رێزیەکانیان دەبیننەوە. بەداخەوە خەڵکێک کە ئاوا دە دین و ئایین و مەزهەب دا قم بوون کە هەر چی مەلایەکان و کاربەدەستە دینیەکان بە نێو خوا و پێغەمبەر و شەرع و قانون بەسەریان دا دەسەپێنن قەبولی دەکەن.

ئەو ژن فرۆشی و لەش فرۆشیانەی کە لە ئێران بە نێوی شەرعی و قانونی «صیغە» بە ژنان دەکرێ و بەهرەکێشی لە ژنانە، نە هەر بێ رێزی بە ژنان بەڵکو بە پیاوانیشە و جورێک ئیهانەت و توهین بە مروڤ و مروڤایەتیە.

# بۆچی ٢٥ی نوامبر وەک ڕۆژی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان ناودێرکراوە؟



مەحبووبە ڕەحیمی



هۆیەکەی روون و ئاشکرایە، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٦٠کە دوای لە سێدارە دانی سێ خوشک لە وڵاتی دومینیکۆ لە لایان حکومەتی دیکتاتۆری ئەوکات ،ئەم ڕۆژە وەک ڕۆژی بەرانگابونەوەی توندو تیژی دژ بە ژنان دیاری کرا.

بە داخەوە توندوتیژی جێگاو مەکانی نیە و دیاردەیەکی شاراوەش نیە، بەڵکو لە سەرتاسەری جیهان توندوتیژی هەیە بەڵام بەشێوەی جۆراو جۆر. شێوازەکانی توندوتیژی لە جیهاندا بە بێ جیاوازی ئایین، ڕەنگی پێست، ڕەگەز یان پێگەی کۆمەڵایەتی بەرانبەر بە ژنان دەکرێ، و شێوەی جۆراو جۆری لە خۆگرتوە. بۆنموونە جەستەیی، ئازاری روحی، هەرەشەکردن، لێدان، گاڵتە پێکردن، زەوتکردنی مافی بریاردان و دەستدرێژی سێکسی.

توندو تیژی ئابوری، سیاسی. ئەوەی لە سەرەوە باسم لێوە کردن هەموویان بەشێکن لە توندوتیژی دژ بە ژنان. هەروەها توندوتیژی هیچ مەرزێکی دیاری کراوی نیەو تەنانەت پەیوەندی بەرادەی خوێندەواریو تێگەیشتنی کۆمەڵگاشەوە نیە، چۆنکە ئەوەند لە مێژە لە نێو کۆمەڵگا جۆراو جۆرەکاندا رەگ و ریشەی داکوتاوە، بۆتە کولتورێک وابە ئاسانیش بنبڕ ناکرێ.

هەر بەو هۆیەوە بووکە مافی مرۆڤی رێکخراوەی نەتەوە یەکگرتوەکان لە ساڵی ١٩٩٩ کە ٢٥ نوامبری وەک ڕۆژی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان دیاری کرد. جۆرەکانی توندوتیژی ڕۆژبەڕۆژ ڕووی لە زیادبوونە و هەندێک جاریش شێوازی زۆر نامرۆڤانە و قێزەون لە خۆ دەگرن.

کۆمەڵگای کوردەواری و ڕۆژهەڵاتی ناوەراستیش، یەکێک لەو ناوچانەیە کە ژن تێیدا زۆر بە بێبەزەیانە چەوسێندراوەتەوە. بەتایبەت کۆمەڵگای ئێران کە یەکێک لەو کۆمەڵگا دواکەوتووانەیە کە توندوتیژی بەرانبەر هەر تاکێکی کۆمەڵگا دەکرێ نەک هەر دژ بە ژنان، و هەر لەم ڕێگایەوەیە کە بەشی هەرە زۆری تاکەکان لە ژێر ستەمی رەگەزی و جیاوازی نەتەوەیەوە سەرکوت دەکرێن.

بەپێی ئامارە بڵاوکراوەکان لە ماڵپەڕەکانی تایبەت بە هەواڵەکانی مافی مرۆڤ، ئاماری ژنانی قوربانی لە ئاکامی توندوتیژدا گەیەشتۆتە ڕادەیەک کە لە ئەژمار نایە. ئەوەی جێی سەر سورمان و داخە کە تا ئێستاش مافی مرۆڤی رێکخراوەی نەتەوە یەکگرتوەکان نەیانتوانیوە کارێک بکەن کە لانی کەم ئەو دیاردە قێزونە کەم رەنگ کەنەوە، یان بتوانن تەئسیریان لە سەر ئەو دیاردەیە هەبێ.

بە داخەوە تائێستاشی لە گەڵ بێ بە دەیان وڵات هەن کە توندوتیژی بەگشتیو بە تایبەتی دژی ژنان زۆر ئاسای دەبیندرێ. بەتایبەت ئەو وڵاتانەی کە موسوڵمانی توندرەوی تێ دایە، رۆژانە بە دەیان ژن بە شێوەی جۆراو جۆر دەبنە قوربانی دەستی پیاوان.

لە ئێران و کوردستانیش ژنان بە شێوەی جۆر بە جۆر ە و بە بیانوی سیاسی و نەتەوەیەوە دەخرێنە بەندیخانە و لە لایەن داگیرکەرانەوە زۆر درندانە توندوتیژیان بەرانبەر دەکرێ.لە ئەفغانستان ئێستاش ژنان بە تۆمەتی بێناموسی بەرد باران یان زیندە بەچاڵ دەکرێن. ئەوەش دەگرێتەوە بۆ ئەوەی کە ژنان لەپێک هێنانی کۆمەڵگادا نەخشو رۆڵیان نیە و هەتا تەنانەت ئازادی بەیانیان لێ زەوت کراوە.

بەڵام پێویستە چلاکانی ماڤی ژنان و رێکخراوەکان هەوڵ بۆ وشیار کردنەوە و پێداگریی لە سەر مافەکانی ژنان بدەن. زۆر گرینگە بە پێک هێنانی کۆرو کۆبونەوەو بەرنامەی تایبەت لە سەر جۆرەکانو هۆیەکانی وهەروەها بنبڕکردنی دیاردەی توندوتیژی دژ بە ژنان زانیاری بگەیەنن. چون بەداخە ئەو دیاردەیە یەکێکە لە سەرەکیترین کێشەکانە، کە کۆمەڵگا بەرەو وێرانی دەبا و پێشلکردنی ماڤی مرۆڤە.

بەڵام ئەوەی کە جێگای سرنج و خۆشحاڵیە ئەوەیە کە لە چەند دەیەی ڕابردوودا ژنانی کورد توانیویانە پێشکەوتنێکی مێژوویی تۆمار بکەن و تەنانەت تا ئاستی پێشەنگایەتی بۆ هەموو ژنانی دونیا بڕۆن. باشترین بەڵگە بۆ سەلماندی ئەو بانگەشەیە ئاستی بەشداربوونی ژنانی کوردە لە شۆرشی ئازادیخوازی کوردیدا. ئەمەش وادەکات کە کۆمەڵگای پیاو سالاری بەو قەناعەتە بگەیەنێ کە ژنان دەتوانن لە بەرانبەر ئەو توندوتیژیانەی کە رووبەڕوویان دەبنەوە هەڵوێست بگرن.

هەروەک دەبینین کە ژنان چۆن بەشداری لە شۆڕش دا دەکەن و ئەوەش دیاردەیەکی نوێیە کە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ڕێژەی بەشداری ژنان مەدەنییەکانی زۆر لە ڕێژەی پیاوان زیاترە. ئەوڕۆکە ژنی کورد بەو ئاستە گەیشتووە، کە خاوەنی نەزەر وبیروباوەری خۆی بێت.

# ژنێک لە نەتەوەی گەرمێن



نەسرین یوسفزادە

تامان محەممەد لە باشووری کوردستان و لە شاری شەهیدپەروەر و هونەر و مەڵبەندی هونەرمەندانی کوردستان کۆیەی حاجی قادر و دڵدار هاتە دنیاوە.

من پێش ئەوەی خۆی بناسم خوشکە چکۆلەکەیم دەناسی خاتوو تانیا خاتوونێکی ڕووخۆش و ڕوحسووک، پێشمەرگەیەکی بەئەخلاق و حیزب خۆشەویست.

ئەوان هەر دووکیان کچە کۆیی بوون و بووکی دێموکرات، ژیانی ئەوان لەگەڵ زۆر لە ئێمە کە هەرکاممان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە بە بیر و بڕوایەکی خەباتگێڕانە و مافویستانە بە دژی دەوڵەتی داگیرکەری کۆماری سێدارە ویستابووین جیاواز بوو.هەڵبەت ئەوانیش خۆیان ژێرچەپۆکەی دەوڵەتی دیکتاتۆڕ و دژەکوردی سەددام بوون و باوکی کە لە شەڕی نێوان ئێران و عێراقدا لە لایەن ئێرانەوە بەدیل گیراوە هەرگیز نەگەڕاوەتەوە.

لەوانەیە ژیان نیوەی ڕاست بێ و نیوەی ئەفسانە، و خاتوو تامان لە ژیانێکەوە بەرە ئەفسانەیەک و یان لە ئەفسانەیەکەوە بەرە ژیانێک هاتبێ.

هەڵبەت کەم نین ئەو خاتوونانەی کە لە دایکبووی باشووری کوردستانن و بووکی حیزبی دێموکراتن بەڵام من بە بوێریەوە دەڵێم زۆر کەمن ئەو خاتوونانەی کە فرچکی ژیانیان لەم بەشەی کوردستان گرتبێ و دڵیان وەک دڵی تامان و تانیا ئەو دوو خوشکەی من ناسیومن بۆ ڕۆژهەڵات و بەشێکی دیکە لە کوردستان لێبدا.

لە کۆشکەکەی خەیاڵماندا لەوانەیە هەزاران ژنی وەک تامان محەممەد بژین بەڵام ئەو ژنانە تا چەندە دەتوانن زامی ژیان وەک تامان هەڵگرن؟ وەک خۆی باس دەکا باوکی خۆی لەیاد نەماوە و تەنیا ناوێکە کە لە باوکی بۆی ماوەتەوە. یەک حەوتوو لە هاوسەرگیرییەکەی تێدەپەڕێ کە ئەجەل دایکی لێدەستێنێ و دەیکا بە تازەبووکی ڕشپۆش و دڵ پڕ لەغەم و پەژارە.

ئەو هەر لە یەکەم ساڵەکانی ژیانی لە نێو حیزبدا هاتە نێو کاری حیزبی و بۆ چەندین ساڵ وەک سەرشانەی ژنان و حیزب کار و تێکۆشانی کرد هەتا لە ساڵی ١٣٩٥لە کۆنفڕاسێکی نائاساییدا و بە دەنگی زۆرینەی ئەندامانی یەکیەتیی ژنان بوو بە ئەندامی ڕێبەری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان و لەو کاتەشدا هاوکات لە خولێکی کامێراوانی کوردکاناڵدا بەشدار بوو و بوو بە یەکێک لە کامێراوانە سەرکەوتووەکانی کوردکاناڵ.

تامان ئەوەندە بە دڵەوە کاری حیزبی و ڕێکخراوەیی کردووە کە تا ئێستا تەنانەت بۆ ساتێکیش هیچ کام لە هاوسێ و هاوسەنگەرانی خۆی و هاوسەرەکەی بە بیریاندا نەهاتووە کە ئەو لە دایکبووی بەشی باشووری کوردستانە و من پێموایە ئەو هەستەی تامان لەو کاتەوە کە فامی کردووەتەوە بۆ خەڵکی کورد و کوردستان هەبووە و نەهامەتی و ئازاری تەنیا بەشێک لە کوردستان بە دەستی داگیرکەر ئازاری نەداوە بەڵکوو ئەو دڵی ئەوەندە گەورەیە کە بۆ چوارپارچەی کوردستان لێدەدا بۆیە کاتێک داعش هێرش دەکاتە کۆبانی و شەنگاڵ ئەو لە یەکەم ژنەکانی دێموکرات بوو کە لە هەڵمەتی یارمەتی کردن بۆ خەڵکی ئاوارە و لێقەوماوی ئەو شوێنانە بەشداری کرد.



تامان بە چەندین جاری ناخۆشی و پەژارە بینیوە لە هەموویان ناخۆشتر لەدەسدانی ڕۆڵەکەی بووە کە گۆیا لە ڕووداوێکی نەخوازراودا گیانی لەدەست دەدا و بەداخەوە ئامێزی دایکی لە بوونی ڕۆڵەکەی بێبەش دەبێ. دیارە غەمی لەدەستدانی منداڵ بۆ دایک غەمێک نییە کە بە وشە وەسف بکرێ و من بتوانم لەم بابەتەدا باسی لێبکەم بەڵام ئەو هەستەی تامان بۆ کوڕە چکۆلەکەی و ئەوە فیداکارییەی کە لە ڕۆژی ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی لە بنکەی یەکییەتی ژنان کردی دەڵێ کە تامان چۆن ژنێکی دڵسۆز بۆ خاک و نیشتمانەکەیەتی ئاوا دایکێکی فیداکاریش بۆ ڕۆڵەکەیەتی.

ڕۆژی ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧ کاتیک کە کۆماری ئیسلامی بە سارۆخ هێرشی کردە سەر قەڵای دێموکرات، (چونکە نەیدەیزانی ئەوانەی کە لە قەڵان لە قەڵا بە هێزترن و ئەوانن کە خۆیان قەڵان دەنا قەڵا بۆخۆی تەنیا دار و بەرد و ئاسنە و قەڵانشینانن کە هێزیان داوە بە قەڵا). یەکەم سارۆخ کە لێدرا ڕێک لە بنکەی یەکیەتیی ژنان کە ئەو کات لە نەهۆمی سەرووی سکرتاریا شوێنی ئامانجە دزێوەکەی تاریکپەرستانی کۆماری تیرۆر و کوشتن و سێدارە بووی دا. ئەو کات تامان یەکێک لە ئەندامنی ڕێبەری ئەو ڕێکخراوەیە بوو (هەڵبەت ئێستاش هەر لەو پۆستەدا کار دەکا) ئەو ڕۆژە تامان کوڕە چکۆلەکەی لەگەڵ خۆی دەبا بۆ سەر کار و کاتێک کە لە نەکاو دەنگی زرمە و لیدان دێ تامان تەنیا کارێک کە دەیکا ئەوە دەبێ کە خۆی بەسەر کوڕەکەی بکێشێ تا پێش لەوە بگرێ کە شتێکی وی بکەوێ دیارە ئەو توانی بە هەموو شێوەیەک کوڕەکەی ڕزگار بکا بەڵام دوای نیزیک سێ ساڵ ئێساش ئاسەواری ئەو برینانەی کە وەجەستەی خۆی کەوتن سارێژ نەبوون ئەو ژنێکی بوێر، دڵسۆز و میهرەبانە و هەمیشە دەیوێت خەیاڵی ئازادی کوردستان وەدیبێنێ.

بە ئاواتی ئەو ڕۆژەی کە ئاواتەکەی تامان محەممەدی دڵسۆز و خۆشەوویست و هەموو ئەوانەی وەک تامان محەممەدیان کوردستان خۆش دەوێ وەدیبێ.

# کۆرۆنا و پرسی فێرکاری لە ئێران و کوردستان

الــف. ش




لە دوای بڵاو بوونەوەی پەتای کۆرۆنا لە جیهان و بەپێی ڕێنما تەندروستییەکان دەبوا زۆربەی کاروبار و چالاکیەکان شێوەکاری خۆیان بگۆڕن و ئەرکەکانیان لە دونیای مەجازی و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بەڕێوە بەرن. لەم نێوانەشدا پرسی پەروەردە و فێرکاری جیاواز نەبوو و دیوێکی نوێ لە پرسی خوێندن خۆی نواند کە هەمان دونیای مەجازی بوو.

ئەگەرچی خوێندن بەشێوازی ئانلاین لە وڵاتە پێشکەوتووەکان شتێکی زۆر نوێ نەبوو بەڵام لە وڵاتێک وەک ئێران هێشتا نەیتوانیبوو جێگە بۆ خۆی ئاوەڵا بکات و تەنیا لەم دواییە لە سێبەری ڕەشی کۆرۆنا بوو بە شتێکی گشتگیر، بەشێوازێک هەر ماڵێک منداڵی لێ بایە لەگەڵ ئەم بابەتە ئاشنایی پەیدا کردبوو. ئەم پرسە لە وڵاتێکی وەک ئێران نەتەنیا نەیتوانی لە پرۆسەی خوێندن بەکەڵک بێ بەڵکوو بوو بەهۆی گوشاری زۆری ئابووری و تەنانەت دەروونی بۆ مامۆستا و خوێندکارانیش.

پرۆسەی خوێندی ئانلاین لە زۆربەی وڵاتەکان هاوکات بوو لەگەڵ دابین کردنی هەموو جۆرە ئاسانکارییێک بۆ مامۆستا و خوێندکاران، بەڵام لە ئێرانی ژێر سێبەری ڕەشی کۆماری ئیسلامیدا نەک تەنیا هیچ هاوکارییێکی مامۆستا و خوێندەوار نەکرا بەڵکوو بە تەواوەتی پشتگوێ خران و هەموو قورسایی ئەرکەکە کەوتە ئەستۆی خەڵکی داماو لە ئێران.

لەم دۆخە ناهەموارەی ئابووری لە ئێراندا کڕینی مۆبایل و کەرەستەی پێویست بو خوێندن گوشارێکی زۆری بۆسەر بنەماڵە کەم داهاتەکان درووست کردبوو. لەم نێوانەشدا نرخی زۆری ئێنتێرنێت بوو بەهۆی نیگەرانی مامۆستایان و گوشاری هەرچی زۆرتر بۆ سەر خەڵک. ئەم بابەتانە هێندەی دیکە ئەوەی دەرخست کە حکومەتی کۆماری ئیسلامی بچووکترین گرنگی بە خەڵکەکەی نادا و لەم ساڵانەی دوایی هەموو کارەکانی بۆ مانەوەی خۆی لە دەسەڵات بووە.

لەم دواییە وێنەی مامۆستایان و منداڵان لە سەر تەپۆڵکە و کێوەکان بڵاو کرایەوە کە چۆن مامۆستایەک لە سەرما و بەفر ناچار دەبێ چەندین کاتژمێر ماڵی خۆی بەجێ بهێڵێ تا لە شوێنێک کە ئانتێن و ئینترنێتی لێبێ ئەرکی مامۆستایانەی خۆی جێبەجێ بکات.

دەیان نامە و داخوازی خەڵک لە کاربەدەستان و وڵامدەر نەبوونی ئەوان تەنیا بێ دەسەڵاتی وەزارەتی پەروەردە و فێرکاری ئێران لە بەرامبەر وەزارەت و نەهادە نیزامی و ئێتلاعاتیەکان دەگەینێ کە دەسەڵاتی زاڵ لە ئێران هیچ گرنگیەکی ئەوتۆ بە پرسی منداڵان و لاوان لە بواری پەروەردە نادات.

هەموو ئەم قەیرانانە و گرنگی نەدانی دەسەڵات بە پرسی خوێندن هاوکاتە لەگەڵ سەدەی بیست و یەکی زایینی کە هەموو وڵاتە پێشکەوتووەکان پرسی پەروەردە و فێرکاریان نیاوەتە سەرەوی هەموو ئەرکەکانیان چونکە پەروەردەی درووست نەسلی داهاتوو تەربیەت دەکا.



سومەیە خزری

# بە بۆنەی ٢٥ـی نوامبر ڕۆژی جیهانیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان

کۆڕی گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ساڵی ١٩٩٩ ڕۆژی ٢٥ی نوامبری وەک ڕۆژی جیهانی نەهێشتنی توندووتیژی بە دژی ژنان ڕاگەیاند و داوای لە دەوڵەتان و ناوەند و ڕێکخراوە ناحکوومیەکان کرد هەتا لەم ڕۆژەدا بەوەڕێ خستنی بەرنامە گەلێک یارمەتی بە وشیار کردنەوەی ژنان لە بواری خەبات بە دژی توندووتیژی بدەن .

کۆماری ئیسلامی ئێران ئەگەرچی جاڕنامەی نەهێشتنی توندووتیژی بە دژی ژنان واژوو کردوتەوە بەڵام لەو دوایانەدا و لە تازەترین هەڵوێستی لە بەرامبەر ئەو بڕیارنامەدا، سەبارەت بە بەشوودانی کچانی کەم تەمەن و هەروها پێشگیری لە زوو بە شوودانی منداڵان، دژکردەوەی لە خۆی نیشانداوە و جاڕنامەکەی بە کردەوە قبوول نەکردوە.

توندووتیژی بە دژی ژنان لە ماوەی ٤١ ساڵ دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا هێندە پشت گوێ خراوە کە تەنانەت ئامارێکی ورد و ڕاستەقینە لەم بارەدا لە ئارا دا نییە.

ڕەوتی شاردنەوەی توندووتیژی لە دژی ژنان لە لایێک ویاسا پڕ لە هەڵاواردنەکەی کۆماری ئیسلامی بە دژی ژنان لە لاییکی دیکەوە لە کۆمەڵگای ئێراندا بوونەتە هۆی سەرهەڵدانەوەی توندووتیژی زیاتر بە دژی ژنان، بە جۆرێک کە لە ناو پێکهاتە و سیستەمی بنەماڵەدا ڕەگ و ڕیشەی داکوتاوە و بەردەوام توندووتیژی بەرهەم دێنێتەوە.

بەگشتی توندووتیژی دژی ژنان لە هەموو بوارەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووری، نەژادی، تەمەنی و جوغرافیایی دژی ژنان لە کۆمەڵگادا، پەیوەندی هەیە دەپێشدا بە دواکەوتوویی کۆمەڵگا لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتی و هەروەها نەبوونی دێموکراسی و نەبووژانەوەی ئازادیە دێموکراتیکەکان و لەوەش گرینگتر جێگیر نەبوونی جاڕنامەی مافی مرۆڤ و هەروەها جاڕنامەکانی پێوەندیدار بە مافەکانی ژنان. بێجگە لەو هۆکارانەی باسکران، دەوری مەزهەب و ئایین بۆ هەڵاواردنی جنسیەتیی لە کۆمەڵگا وەدواکەوتووەکاندا، دەکرێ بڵێن هەوێن و سەرچاوەی هەموو توندوتیژیەکانە بەرامبەر بە ژنان.

بەگشتی سێ فاکتەری سەرەکی لە کۆمەڵگادا دەبنە هۆی هەڵاواردن (تبعیض) و سەرئەنجام توندووتیژی بەرامبەر بە ژنان و ئەو سێ فاکتەرەش بریتین لە مەزهەب و ئایین، نەبوونی دێموکراسی و حکوومەتی یاسا و جێگیر نەبوونی جاڕنامەی مافی مرۆڤ لە نێو حاکمیەت وکۆمەڵانی خەڵکدا.

دەرئەنجامی پاشکەوتوویی ئابووری و کۆمەڵایەتی و زاڵبوونی مەزهەب و ئایین بەسەر ژیانی کۆمەڵگادا، سیستەمی پیاو سالارییە کە ئەوەش وادەکا کە پیاو بکەری سەرەکی توندووتیژی بێ لە دژی ژنان. لە هێندێک شوێندا ژنان جگە لە هاوسەرانیان، لە لایەن باوک و برا و تەنانەت کوڕەکانی خوشیانەوە بەرەو ڕووی توندووتیژی دەبنەوە. ژنان لە ژیانی خۆیاندا بەرەوڕووی چوار جۆرە توندووتیژی دەبنەوە کە





بریتین لە جەستەیی، دەروونی، ئابووریی و جنسی، کە لە ئاکامی هەموو ئەوانەدا نەخۆشی تایبەت بۆ ژن درووست دەبێ و ئاشکراترینی ئەوانە نەخۆشی رووحی و رەوانیە.

بۆ بەرنگار بوونەوە لەگەڵ ئەو نەخۆشیانەی بە هۆی توندووتیژیەوە پێک دێن پێویست بە دەرمان و چارەسەری لەسەر خۆ و چەند ڕەهەندی هەیە کە لێرەدا ئاماژە بە چەند دانەییکیان دەکەم.

درووست کردنی شوێنێکی تایبەت بۆ ئەوانەی کە توندووتیژیان بەرانبەر کراوە و پشتیوانی یاسایی لەو ژنانە، بەشداری لە کۆڕەکانی پەروەدە و ڕاهێنانی پێش هاوسەرگیری، ڕاوێژ و ڕێنوێنی پێویست بۆ هاوسەرگیری، بردنە سەری زانیاری ژنان و پیاوان لە ڕێگای پەروەردە و بە تایبەتی پێداگری لەسەر مێتۆدی زانستی دەتوانن لە کەم کردنەوە و پێشگرتن لە توندووتیژی دژی ژنان بە شێوەییکی بەرچاو کاریگەر بێت.

دەگەڵ ئەوەی دەرمانی ئەو نەخۆشیانە کە لەسەرەوە باسمان کرد لە کۆمەڵگادا گرینگە، بەڵام گرینگتر لەوە پێشگیری لە ڕووداانی دیاردە کۆمەڵایەتیە قێزەونەکانە. ئێمە لە کۆمەڵگاییک دا دەژین کە هەردەم تاکەکانی هەوڵ دەدەن بەرەوپێش بچن و ئاستی ڕۆشنبیری و زانستی و کەلتووریان بەرنە سەرێ.

ئەگەر هەموومان بە پیاو و ژن و گەورە و بچووکەوە پێکەوە، چی دیکە گوێ نەدینە دەمارگرژی کۆمەڵگا و بیرو مێشکە کۆنەکان کە هەوڵ دەدەن ژنان بکەنە پێخووستی پیاوان، دەبینە خاوەنی کۆمەڵگایەک کەچیدیکە پێرەوی لە هەڵاواردن ناکا و بەو جۆرە خۆمان و منداڵەکانمان و کۆمەڵگامان لە توندووتیژی و نابەرابەری پاک دەکینەوە.

بە هیوای ئەو ڕۆژەی کە هیچ ڕۆژێک لە ساڵدا بۆ ئەم بابەتانە تەرخان نەکرێ جگە لە ڕۆژی خۆشی و شادی میلەتان و بەرابەری مرۆڤەکان.

# هەنگاوێک بەرەو داهاتوو هەنگاوێکە بۆ ژیان

**هاوڕێیانی گوڤاری "ژنان" کومەڵگەی ئێمەی کورد پڕە لەو ژنانەی کە بەدەیان شێوە نەهامەتی و چەرمەسەریان بینیوە و دەیان کەند و کۆسپی جۆراوجۆریان هاتووەتە سەر ڕێگا، بەڵام بە هیمەت و ئیرادەی خۆیان و هیوا بە داهاتوویەکی گەش بەسەر هەموو ئەوانەدا زاڵ بوون و شەوەزەنگی بێهیواییان بەزاندووە و گەیشتوون بە ڕۆژگاری ڕووناکی و هیوا.**

**ئێمە بۆ ئەوەی کە کەسانی دیکە لە ئەزموونی ژیانی هەر یەک لەو خاتوونانە وانەیەک وەرگرن هەر جاریک و باسێک لە ژیان و بەسەرهاتیان و سەرکەوتنیان بەسەر کەند و کۆسپەکانی ژیانیان لە زمانی خۆیان باس دەکەین.**

**هەر لە ڕێگای ئەو پێشەکییەوە داوا لەو خاتوونانە دەکەین کە پێیانوایە کەند و کۆسپی سەرڕیگای ژیانیان بەزاندووە و بەسەیاندا زاڵ بوون کە بە نامەی نووسراو یان بە نامەی دەنگی خولاسەیەک لە ژیان وە سەرکەوتنەکانیانمان بۆ باس بکەن. ونامەکانیان بۆ بەشی تەشکیلاتی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان بنێرن.**



کاتێک گەورە تر بووم باوکم بە هۆی ئەوەی کچم و براکانم پێیان دەگوت نابێ زیاتر پێی بخوێنی لەگەڵ ئەوەی کە قوتابیەکی زیرەک بووم دەستی پێ لە خوێندن هەڵگرتم.

لە مالەوە مامەوە، باوکم کەسێکی دیکتاتور بوو هەموو بواری مال دەبو لەژێر دەستی خۆی دابێ و کەس بوێ نەبو قسەی لە قسەدا بکا، بە تایبەت ژنان جا چ دایکم و چ هەر ژنێکی دیکە وەک بووک و کچ لە ماڵەوە بایەن، زۆر زوو ژنی بۆ براکانم هێنا، و زۆر زوو هۆشداری پێدان کووڕ نابێ لە ماڵی باوان جیا ببێتەوە و لەو ماڵە بچنەدەر و دەبێ پێکەوە بین، بنەمەلەمان زۆر بوو، بە هۆکاری ژن هێنان و مندالی براکانم، براژن حەزیان لە ڕوشتن بوو بۆ ماڵی جیایی و هیچ کارێکیان نەدەکرد، تەواوی کار و جەختی و سەختی لەسەر شانی من بوو، ئەوەندە سەختی و گوشارم لەسەر بوو کە تەواوی کێشی لەشم ٤٥ کیلۆ بوو، کاتێک خوازبێنیم بۆ هات بە لەگەڵ ئەوەی کە هیچ بە دڵم نەبو، بە هەزار خەم و پەژارە قەبولم کرد و زەماوەندم کرد، سێ مانگ نامزد بووم، کە یەکێک لە سەخت ترین ساتەکانی ژیانم بوو، زەماوەندم کرد و هێزم دایە خۆم کە دەبێ هاوسەرەکەم خۆش بوێ چونناچارم لەگەڵی بژیم.

توانیم تا ڕادەیەک لە دلی خۆمدا جێگای بکەمەوە چوارساڵی سەرەتایی ژیانی هاوبەشم لەسەر ماڵی خەزوورم بووم و لەوێش زەختێکی زۆرم لەسەر بوو، خەسوم نەبوو، دوو برا و باوکی سەڵت کە ئەرکیان لەسەر شانی من بوو خەزورم مرد دوای چوار ساڵ لە کاتێکدا سێ سال لە جێگادا بوو، براش ژنیان خواست و ڕویشتن وامزانی زەخت و ناخۆشیەکانی ژیانم کۆتایی هاتووە، تۆزێ ویستم چێژ لە خۆشی ژیان وەرگرم کە بینیم، مێردم چاوی بە دوایی ژنێکی عەجەمەویە و خەریکە خیانەتم لێ دەکا، ویستم گوێ لێ بخەوێنم چون نەتاقەتی ماڵی باوکمم بوو بچم بۆ لای براژن، نە باوکم ئێزنی ئەدا بە تەنیا بژیم، ناچار ددانم بە جەرگی خۆمدا گرت و هیچم نەگوت، بەڵام ڕۆژ لەدوایی ڕۆژ خرابتر بوو.

ئەوەی پەیدای دەکرد بۆ ئەو بوو، و هەر کات نا تاوێک ون دەبوو تا دەمزانی ئەوە چووە بۆ لای ژنە عەجەمە، کاتێک زانیم هیچم لە مالدا نییە بۆ بژیوی ژیان، ویستم دەنگ بکەم کە ئێتر بەسە بۆ من و ئەو منداڵە گوناح نین، دەری کردم وتی بڕۆ بۆ کوێ دەچی بچۆ، من تۆم ناوی، ڕۆیشتم و هاتمەوە، هیچم نەوت، زۆرم دوعا لێکرد، چوم دەستم کرد بە کار کردن، رۆژ تا ئێوارە کارم دەکرد و ئێوارەش ئەوەندە ماندو بوم هێزم نەبو، خۆمم دەژیاند، ماوەی یەک ساڵی پێچوو.

ڕۆژێک چاوم کردەوە، مێردم توشی نەخۆشی بوو کاتێک بردم بۆ نەخۆشخانە گوتیان سەرەتانی پروستات، و کبدی هەیە، دنیا جارێکی دیکە وێران بوو بەسەرم دا، بردم بۆ ورمێ و چوار سال شیمی دەرمانی و خەرج و فشار و بەدبەختی، لە دو جێگا کارم دەکرد، هێز و توانا لە وجودم بڕابوو، نە خۆشیەک لە دڵمدا نە هێزێک لە گیانمدا مابوو، منداڵم بەجێ دەهێشت بەیانی زوو تا شەو درەنگ کارم دەکرد، دوایی چوار ساڵ زەخت و فشار و بەدبەختی، مێردکەم توانی سلامەت و توانا و لەشساخی بەدەست بێنێتەوە، بەڵام کارێک کە کردی، برینێک کە ختیە دڵم بە خیانەت هیچ کات ساڕێژ نەبووە.

لە ڕۆژهەلاتەوە:



# پەیامی خاتوو پەروین شکوری
# بەبۆنەی ٢٥ی نوامبر

رۆژی ٢٥ی نوامبری ساڵی ١٩٦٠ی زایینی، لە کۆماری دۆمینیکین، خوشکانی شۆرشگێری میرابێل لە پێناو بەدەستهێنانی ئازادی، بە درەندەترین شێوە لە لایەن دیکتاتۆرانی دەسەڵاتدار ئەشکەنجە کران و پاشان گیانیان لێ ستاندن. پاش خەبات و ماندوو بوونێکی زۆری ژنانی ئازادیخواز لە ١٧ی دیسامبری ١٩٩٩ی زایینی، نەتەوە یەکگرتووەکان بە بڕیارنامەیەک ڕۆژی ٢٥ی نوامبری وەک ڕۆژی بەرەنگار بوونەوە و نەهێشتنی توندوتیژی بەرابەر بە ژنان دیاری کرد.

پرسی خەبات لە دژی توندوتیژی دژ بە ژنان، پرسێکی زۆر گرینگە و لە زۆربەی وڵاتانی جیهان کاری بۆ دەکرێ و ساڵانە بە چالاکی جۆراجۆر هەوڵی کەم کردنەوە و نەمانی دەدرێ. بە خۆشییەوە ڕاگەیاندن ڕۆڵی سەرەکی لە گەیاندنی هەواڵ و زانیاری بۆ بەرز کردنەوەی ئاستی هۆشیاری کۆمەڵانی خەڵک بە تایبەتی ژناندا هەبووە. بەڵام مەخابن لە وڵاتێکی دواکەوتوو و دیکتاتۆر و پیاوسالارانەی وەک ئێران کە ژنان لە سەرەکیترین مافەکانیان بێبەشن، توندوتیژی خێزانی و کۆمەڵایەتی لەو پەڕی خۆی دایە و ڕێژیمی کۆنەپەرەستی کۆماری ئیسلامی ئێران نەک پشتیوانی بە جۆری پێویست لە ژنان ناکات تەنانەت یاسای دژ بە مافی ژنانیش پەسەند دەکات!

پێویستە هەر تاکێکی ئەو کۆمەڵگەیە بە تایبەتی ئێمە ژنان خۆمان بە بەرپرس بزانین لە بردنە سەری ئاستی هۆشیاری و گەیاندنی زانیاری ڕاست لە لایەن شارەزایان و پسپۆران لەم بوارەدا، تا بە پەروەردەی گونجاو و پێوسیت بگەینە ئەو جێگایەی هەوڵ بۆ نەمان و کە م کردنەوەی ئاماری قوربانیان، چ ئەوانەی فەرمین و چ ئەوانەی لە پشت دەرگا قایم کراوەکان ڕوو دەدەن بە نزمترین ئاستی خۆی بگەیەنین!

لیرە باسی دڵۆپێک لە دەریایی شێوەی ئازارەکان دەکەم:

**توندوتیژی بنەماڵەیی بۆ نمونە:**

توندوتیژی جەستەیی وەک: لێدان و ئەشکەنجە و... کە ئاشکارترین شێوەی توندوتیژییە کە جاری وایە دەبێتە هۆیی کێشەی تەندرووستی جیدی لەسەر لەش و جەستەی ژنان.

٢. توندوتیژی ڕەوانی وەک: سوکایەتی و بێڕێزی کردن بە هەست و غرووری ژن، جنێودان و شکاندنەوە و دڵپیسی و خۆ بە خاوەن زانینی پیاو بەرامبەر بە ژنەکەی و... کە ئەو شێوە توندوتیژییانە دەبنە هۆی بریندار کردنی رووح و رەوانی ژنان کە زۆربەیان دەبنە دایکانی داهاتووی وڵات و ناراستەخۆ، پەروەردەیەکی نەخۆش و ناتەندرووستمان دەبێت کە بۆ کۆمەڵگە زۆر مەترسی دارە!

٣. توندوتیژی جنسی: ئەو شێوە توندوتیژییە لە وڵاتانی پیاوسالار و مەزهەبی بە جۆری پێوست شی نەکراوەتەوە و بەداخەوە زانیارییەکان زۆر بەربڵاون! بۆ نموونە دەتوانین ئاماژە بە خەتەنەکردنی کچان بکەین کە وەک نەریتەکی سەقەت ئێستاش قوربانی دەدات! یا مەسەلەی دەستدرێژ و ئازاری سێکسی ژنان لە لایەن هاوسەرەکانیان و مەیلی پەیوەندی هاورەگەزبازان و... زۆر جاریش ژنان لە لایەن بنەماڵەکانیان دەبنە قوربانی و هیچ پشت و پەنایەکی ئەمن بۆ خۆیان شک نابەن و دواتریش بە داخەوە پەنا بۆ خۆ کوشن دەبەن.

دوواتر توندوتیژی کۆمەڵگەمان هەیە، واتە ئەگەر ژنان لە ماڵەوەش هیچ کێشەیەکییان نەبێت دیسان هەر ئاسوودە نین لێرە ئاماژە بە چەند نموونە دەکەم:

.نەدانی هەڵی کار و نەبوونی ئەمنییەتی کاری وگێچەڵی سێکسی

٢. کۆسپ دانان بۆ خۆ پێگەیاندنی ژنان وەک دیاری کردنی ڕێژەی بەشداری

٣. بۆ بیزنێس، بە کاڵایی کردنی جەستەی ژنان ٤؟لە دونیای واقعی کە بینە دەرێ، توندوتیژی تۆرە کۆمەڵایەتییەکانیش تازەیە و دەتوانیین بڵێین زۆر جار بە هەرەشە کردن و کۆمێنت و نامەی نەگونجاو و نەشیاو ڕووبەڕووی ژنان دەبێتەوە.

لە کۆی قسەکانمدا دەتوانم بڵێم سیستەم و بەرێوبەرانی وڵات لە هەموو کەس خەتابارترن لە بوونی توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان، ئەگەر پۆستە گرینگەکان بۆ ژنانیش هەبێت وەک سەرۆکاییەتی وڵات و کابینەی دەوڵەت و بەڕێوبەری شوێنە حەساسەکان، بیر و ئایدوولۆژییەکان پیاوانە نابن و ژن خۆی تێدا دەبینێتەوە و دواتر هەوڵ بۆ دانانی یاسای بەرابەری و یەکسانی دەدات و سەزای قورس بۆ ئەو کەسانە دیاری دەکرێ کە توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان دەکات و بە ئامووزش و پەروەردە ئاماری قوربانیانی ئەو پرسە دەباتە نزمترین ئاستی خۆی و ئۆرگانی پشتیوانی مادی و دەروونی بە جۆری پێویست دابین دەکات و دەبێ هەڵی کار بۆ ژنانیش وەک پیاوان برەخسێ بۆ ئەوەی لە بواری ئابووریش بە هێز بن. شۆرشگێرانی ئازادیخواز و یکسانیخواز، وەرن هەموومان دەست بە دەستی یەک لە ٢٥ی نوامبری ٢٠٢٠ زایینیدا کە جیهان لە بەر پەتای کرۆنا بە دۆخەکی نالەباردا تێدەپەرێ و تەنانەت گۆرانکاری زۆر گەورە لە سەر چۆنیەتی ژیان و خەبات و سیستمی دیپلۆماسی هەموو دونیا داناوە، با بەڵێن بدەین تێبکۆشین بۆ نەمانی توندوتیژی دژ بە ژنان، با لە شۆرشگێرانی ئازادیخواز و یکسانیخواز.

وەرن هەموومان دەست بە دەستی یەک لە ٢٥ی نوامبری ٢٠٢٠ زایینیدا کە جیهان لە بەر پەتای کۆرۆنا بە دۆخەکی نالەباردا تێدەپەرێ و تەنانەت گۆرانکاری زۆر گەورە لە سەر چۆنیەتی ژیان و خەبات و سیستمی دیپلۆماسی هەموو دونیا داناوە، با بەڵێن بدەین تێبکۆشین بۆ نەمانی توندوتیژی دژ بە ژنان، با لە بیرمان نەچێت هەموومان لە داوێنی ژن لە دایک بووین کەواتە ژن دایکە، ژن خووشکە، ژن کچە، ژن هاوسەرە، ژن نیوەی کۆمەڵگەیە، ژن ژیانە با توندوتیژی بوەستێنین لە خۆمان و لە بنەماڵەی خۆمانرا دەست پێ دەکەین.

بە سپاسەوە

فارسی



شهاب کاکەخزری

# تجاوز در بستر زناشویی

قسمت دوم

**موضوع مقاله :**
**بررسی تطبیقی خشونت و تجاوزهای جنسی در ازدواجهای مشروع از لحاظ حقوقی و پیامدهای روان شناسی در رابطه به موضوع مورد بررسی :**
**چکیده :**
**تجاوز زناشویی به هر فعالیت جنسی که توسط یک فرد ازدواج کرده یا ازدواج نکرده که با دیگری رابطه همزیستی دارد ، بدون رضایت فرد دیگر انجام گیرد، اطلاق می گردد. شامل نوازش کردن، رابطه جنسی دهانی ، آمیزش مقعدی یا سایر فعالیت های ناخواسته یا اجباری می باشد ، این تعریف همچنین اعمال جنسی را که فرد قصد دارد بر خلاف میل فرد مقابلش انجام دهد را شامل می شود. زنان بصورت بالقوه نه تنها در عرصه ی عمومی مورد تجاوز قرار می گیرند بلکه درخانه در بستر زناشویی هم از این گزینه در امان نیستند به گونه هایی که می توان گفت این شکل از تجاوز شایع ترین فرم تجاوز حتی بیشتر از هر دو شکل تجاوز توسط آشنا و بیگانه است .تجاوز جنسی زناشویی در تمام حد مرزهای اجتماعی ، اقتصادی ،سن ، نژاد،تومیت ها ،سطوح آموزشی می تواند اتفاق افتد و همین باعث شده که در بسیاری از کشورهای جهان ازلحاظ حقوقی قوانینی برای حفظ و کاهش این موارد انجام گیرد .**

برای زنان بسیاری که تنها منابع مالی زندگی ایشان نفقه پرداختی از طرف شوهر است هم خوابگی در هر شرایطی به او شاید تنها راه ادامه زندگی باشد . پس لزوم تکمیل زن از شوهر و عوامل حقوقی و معشیتی که در صورت سر بازدن آن بر زن تحمیل می شود در واقع به رسمیت شناختن تجاوز جنسی شوهر به زناست . در دهه ی ۱۹۲۰ برتراندراسل هشدار داد که وارد شدن انگیزه اقصادی در روابط جنسی ، همیشه فاجعه انگیز است .روابط جنسی باید با لذتی دوجانبه باشد که صرفا با میل خود هوش از هر دو طرف حاصل شده باشد .این موضوع در مورد زنان متاهل هم صرف می کند که در برابر خواسته های اقتصادی در برابر خواسته های جنسی همسران خود تسلیم می شوند( مورگان می گوید ) اگر تختخواب های رضایت بخش زناشویی در امریکا محل تجاوزهای شبانه است .

با گسترش مفهوم های حقوق بشری و برابری ، حق دفاع یا مصونیت از تجاوز زناشوی بیشتر به عنوان ناهنجاری دیده شده ، معشیت ها از دهه ۱۹۶۰ برای براندازی قانون مصونیت تجاوز زناشویی و اعلام آن به عنوان جرم کیفری به طور سیستماتیک تلاش کردند (۱۱) . غیر قانونی شدن رو به افزایش تجاوز زناشویی بخشی از جلسه بندی مجدد جرائم جنسی در جهان است ( در از زیر پا گذاشتن اخلاقیات، خانواده به عادتها و سنت های خوب، اعترام یا عفت و نجابت گرفته تا تعرض به آزادی، تعیین سرنوشت خود، یا دستکاری فیزیکی یا اخلاقی ) (۱۲) در دسامبر ۱۹۹۳، کمسیارای عالی حقوق بشر سازمان ملل متحد اعلامیه ی پایان خشونت علیه زنان را منتشر کرد. این اعلامیه تجاوز زناشویی را به عنوان یک نوع تجاوز به حقوق بشر عنوان کرد. در سال ۲۰۰۶ نیز گزارش دیگری از سوی دبیر کل سازمان ملل متحد با عنوان پایان خشونت علیه زنان منتشر کرد (۱۳)

بررسی تطبیقی خشونت و تجاوزهای جنسی در ازدواجهای مشروع از لحاظ حقوقی و پیامدهای روان شناسی در رابطه به موضوع مورد بررسی :

برخلاف این رونه ها و جریانات بین المللی – غیر قانونی شدن تجاوز زناشویی در تمام کشورهای عضو سازمان ملل متحد رخ نداده است. تعیین وضعیت کیفری تجاوز زناشویی ممکن است چالش برانگیز باشد زیرا در حالی که برخی کشورها این عمل را به وضوح جرم معرفی می کنند و در قوانین تجاوز تصریح می کنند که ازدواج یک عامل تدافعی برای تجاوز نیست یا قانونی جدید برای (تجاوز زناشویی) تصویب می کنند یا به شکلی دیگر شرایط و مقرراتی تعیین می کنند. در سال ۲۰۰۶ گزارش بررسی کامل دبیر کل سازمان ملل متحد درباره ی خشونت علیه زنان اینگونه اعلام شد(۱۳). تجاوز زناشویی حداقل در ۱۰۴ کشور امکان پیگرد قانونی دارد. از این بین ۳۲ کشور تجاوز زناشویی را به عنوان یک جرم کیفری ویژه تنظیم کرده اند، در حالی که ۷۴ کشور دیگر تجاوز زناشویی را از دیگر مقررات تجاوز جنسی عمومی مستثنی کرده اند. تجاوز جنسی زناشویی حداقل در ۵۳ کشور جرم قابل پیگرد کیفری توسط دادستانی نیست. چهار کشور تنها وقتی تجاوز جنسی زناشویی را جرم کیفری منظور می کنند که همسران بصورت قانونی

# فارسی

جدا شده باشند. چهار کشور در حال رسیدگی به قانون گذاری اجازه ی پیگرد دادستانی برای تجاوز زناشویی هستند
نگاه جامعه به تجاوز جنسی و واکنش نمیستها:
معیار اصلی تشخصی و متمایز کردن تجاوز جنسی از آمیزش جنسی عدم رضایت است (افرنس)
زمانی تجاوز زناشویی از طرف قانون و جامعه به طور گسترده به عنوان جرم یا خطاکاری شناخته نمی شد اما امروزه این موضوع در بسیاری از جوامع در سراسر جهان و در کنوانسیونهای بین المللی محکوم است و به طور روز افزون به عنوان جرم کیفری غیر قانونی شناخته می شود. از نیمه ی دوم قرن بیستم مشکلات خشونت خانگی و جنسی مدرن ازدواج و درون خانواده به طور کلی تر معظل خشونت علیه زنان توجه به جوامع بین المللی را به خود جلب کرده است غفور زاده به گفته ی کشورهایی که بسیاری در آن تجاوز زناشویی، جرائم کیفری محکوم نیست و ادامه دارد یا اینکه غیر قانونی است اما به طور گسترده انجام می شود چون قانون آن را به ندرت اجرا می شود و این موضوع دلایل متفاوتی دارد از اکراه و به اعمال قانون پیگرد جرم گرفته تا ضعف معلومات عمومی درباره ی غیر قانونی بودن آمیزش جنسی تحمیل شده در ازدواج (گیزنز١٩٩٦)
بررسی تطبیقی خشونت و تجاوزهای جنسی در ازدواجهای مشروع از لحاظ حقوقی و پیامدهای روان شناسی در رابطه به موضوع مورد بررسی :
اکراه از غیر قانونی شدن و پیگرد دادستانی تجاوز زناشویی با دیدگاههای سنتی به ازدواج، تفاسیر تعالیم مذهبی و دینی، طرز فکرها درباره ی جسیت مردانه ی انسان و جنسیت زنانه ی انسان و دیدگاه سنتی به توقعات فرهنگی فرمانبرداری یک زن از شوهرش مرتبط است. این دیدگاه درباره ی ازدواج و جنسیت در اکثر کشورهای غربی ١٩٦٠ تا ١٩٧٠ به طور ویژه با واسطه ی موج دوم فمسیتم که به موجب به رسمیت شناخته شدن حقوق زنان برای تعیین سرنوشت به تمامی موضوعاتی که به بدن آنان مرتبط است شده و به لغوشدن حق مصونیت یا مدافعه تجاوز زناشویی برای متجاوزان ختم شد. از اویل قرن نوزدهم فعالان جنبش آزادی زنان حقوق منظور شده برای مردان برای تحمیل کردن رابطه ی جنسی زناشویی با همسرانشان را به چالش کشیدند. اعضای اتحاد ملی جوامع طرفدار حق رای زنان (Suferjists) « حق زنان برای کنترل آمیزش جنسی زناشویی را به عنوان جزء اصلی نابرابری اجتماعی عنوان کردند» همچنین فمسیت های لیبرال مانند استوارت میل و تیلور به تجاوز زناشویی به عنوان یک تبعیض شدید فاحش در حقوق مدنی و به عنوان مرکز و پاشنه اصلی حکمرانی بر زنان تاختند.
در ادامه ی بحث که به سال ٢٠١١ در خصوص پیگیری سازمان ملل متحد جهت بررسی جرم کیفری تجاوز زناشویی می رسیم در آوریل ٢٠١١ گزارش نهاد زنان سازمان ملل متحد درباره ی پیشرفت زنان جهان در تعقیب عدالت عنوان کرد (١٥) تا آوریل ٢٠١١ حداقل ٥٢ کشور بطور واضح تجاوز زناشویی را در مقررات جرائم کیفری خودشان غیر قانونی اعلام کرده اند. کشورهایی که کنوانسیون اتحادیه ی اروپا برای پیشگیری و مبارزه علیه زنان و خشونت خانگی، اولین دستور العمل اجرایی قانون در زمینه ی خشونت علیه زنان در اروپا را تأیید کردند (٣٠) و به واسطه ی مقررات آن موظف شده اند تا اطمینان حاصل کنند که روابط جنسی بدون رضایت بر علیه یک همسر یا شریک زندگی غیر قانونی میباشند. کنواسیون در اوت ٢٠١٤ به اجرا گذاشته شده در پاراگراف ٢١٩ تشریحی آن، سنت بلند مدت مدارا با تجاوز زناشویی و خشونت خانگی چه دوژور (قانونی) چه دفاکتو (در عمل) شرح داد.

ادامه‌ی مقاله در شماره‌های دیگر



## جەیل بایدن؛ « لەگەڵ کاری سیاسی درێژە بە کاری مامۆستایەتییم دەدەم»




ئەو لە لێدوانێکدا لەگەڵ سی بی ئێس دەڵێ: (ئەگەر ئێمە بچینە کۆشکی سپی، درێژە بە وانە وتنەوە دەدەم. ئەوە بۆ من گرینگە و دەمهەوی خەڵک جێگەوپێگەی مامۆستا و هەوڵ و تێکۆشانیان لە کۆمەڵگا بە باشی بزانن؛)
جەیل بایدن، هاوسەری سەرۆککۆماری ئەمریکا، لە دواندن لە گەڵ هەواڵنێریەکان وتویەتی، دوایی هاتن بە کۆشکی سپی درێژە بە پیشە و ئەرکی خۆی وەک مامۆستا دەدەم.
هاوسەری ئەو وەکو جۆ بایدن، بڕیارە وەکو چل و شەشەمین سەرۆککۆماری ئەو وڵاتە پان و بەرینە، ئەرکی سەر پەرستی وەئەستۆ بگرێ، لە کاتێکدا خاتوو بایدن یەکەمین خاتونی ئەمریکا دەبێ کە بێجگە لە ئەرکی خاتوونی یەکەم بە پیشەی سەرەکی خۆی درێژە ئەدا.
جەیل بایدن ماموەستای زمانی ئینگلیسی بە شێوەی بەردەوام لە زانکۆ لە ویرجینیای باکورە.

سەرچاوە :دویچەولە فارسی

## بەڕێوەچوونی خولێکی پەروەدەیی منداڵان




ڕێکخراوەی WRO بەهاوکاری یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان خولێکی پەروەردەی منداڵی بۆ بەشێک لە ئەندامانی یەکیەتیی ژنان پێک هێنا.
ئەو خولە پەروەردەییە کە بۆ ماوەی مانگێک بەردەوام بوو، تێیدا باس لە لایەنە جیاوازەکان بۆ ر پەروەردە کردنی منداڵان کرا.
جێی ئاماژەیە کە یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان گرینگی تایبەت بە چۆنیەتی پەروەردەی منداڵان دەدات و پێی وایە کە بۆ پێشکەوتنی داهاتووی نیشتمان دەبێ گرینگی زیاتر بە منداڵان بدرێ و لەو پێناوەشدا ساڵانە چالاکی جۆراوجۆر بەڕێوە دەبات.

## ئاخرین وێنەی بەکۆمەڵی کچیانی شیناوێ لەساڵرۆژی ئاورتێبەربوونیان لە مەدرسەی شیناوێ



هەواڵەکان

## ئێلهام خەمسە لە بەندیخانەی ئێڤین نارردرایە مەرەخەسی




ئێلهام خەمسە زیندانی سیاسی کە لە مانگی گەلاوێژی ئەمساڵەوە ماوەی ٢ ساڵەی زیندانی خۆی لە بەندی ژنانی زیندانی ئێڤین بەسەر دەبات، ڕۆژی چوارشەممە ١٤ خەزەڵوەر ناردرایە مەرەخەسیەکی کورت.
ئێلهام لە کاتی نۆسینی دروشم لە یەکێک لە شەقامەکانی تاراندا دەسبەسەر کرا و لە لایەن دادگای ئینقلابی تاران بە دوو ساڵ زیندانی بە تۆمەتی بێرێزی بە ڕێبەری کۆماری ئیسلامی مەحکوم بوو. ناوبراو ٤٠ ساڵە و دانیشتوی شاری تارانە.

## «نا بۆ توندوتیژی بەرامبەر ژنان»

یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان ،بەبۆنەی ٢٥نوامبر ،ڕۆژی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان، وێبینارێک لەسەر مایکرۆسافت تیمس پێک دەهێنێ.
بۆ بەڕێزان: تارا عەزیزی
مافناس و شارەزای بواری مافی مرۆڤ وسیاسەت
بابەت :ئاسۆی یەکسانی لە بواری یاسادانان لە ئاستی نەتەوەیی و نێو نەتەوەیی(زمانی سۆئیدی)

کەژاڵ ئەحمەدی : کۆمەڵزان،تێراپیست
بابەت :دڵەڕاوکێ و ڕەفتاری زیان لەخۆدەر(بەزمانی کوردی)

کات و ڕێکەوت ٢٠٢٠-١١-٢١
کاتژێر ١٤:٠٠
بۆ بەشداری تکایە ئادرەس ئیمەیلی خۆتان بۆ ئەم ژمارە تەلەفوونە بنێرن.

## فریشتە دیدەنی  ئازاد کرا



فریشتە دیدەنی یەکێک لە بەند کراوانی ناڕازی دژ بە حیجابی زورەملێ کە ماوەی شەش مانگەی مەحکوومیەتی لە زیندانی قەرچەکی وەرامین تێ دەپەڕاند ، ڕوژی پێنج شەممە ١٥ ی خەزەڵووەر لە دوای ٤٠ ڕوژ دەستبەسەری و لێدانەوەی ڕوژەکانی دەستبەسەر بونی لە پێشوتردا لە زیندان ئازاد کرا.



هەواڵەکان

## سێ خەڵاتی جیهانی بۆ سێ ژنی کورد لە ماوەی یەک حەوتوودا



«زارا دۆغان»کە بەندکراوی سیاسی بوو لە تورکیە و بە هۆی شاکارە هونەریەکانیەوە براوەی خەڵاتی (Artissima) لە ئیتالیایە.

«ڕێز گەردی» بە هۆی چالاکییەکانی لە بواری مافی مرۆڤ، بوو بە براوەی (Global Impact Award) لە نیوزلەند.

«سارا عومەر» نووسەرە و خەڵاتی لۆریاڵی زێڕینی وڵاتی دانمارکی وەرگرتووە.

## ناوەندی ژنانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان وێبینارێک پێشکەش دەکات

کاتی بڵاوبوونەوە؛
_ ڕۆژی چوارشەممە
_ ڕێکەوتی ٢٥ی نوامبری ٢٠٢٠
_ کاتژمێر ٨:٣٠ی شەو بە کاتی هەولێر

بە بەشداری؛
_ شنە درودگەر، ئەندامی ناوەندی ژنانی کوردستانی ڕۆژهەڵات
_ کەوسەر فەتاحی، ئەندامی ناوەندی ژنانی کوردستانی ڕۆژهەڵات
_ سنوور حەنیفیپور؛ ئەندامی ناوەندی ژنانی کوردستانی ڕۆژهەڵات
_شیلان محەممەدی؛ ئەندامی ناوەندی ژنانی کوردستانی ڕۆژهەڵات
_ تریفە فاتیحی؛ ئەندامی ناوەندی ژنانی کوردستانی ڕۆژهەڵات



هەواڵەکان

# سمیناری هاوبەشی ڕێکخراوە دێموکراتیکەکانی کۆیە بە بۆنەی ٢٥ی نوامبر







دوای نیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ٥ی سەرماوەز سمینارێک بە بۆنەی «٢٥ی نوامبر» ڕۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی توندووتیژی دژی ژنان، لە لایەن ڕێکخراوەکانی ژنان لە کۆیە بەڕێوەچوو.




# کۆبوونەوەی ژنانی ژیڤانۆ، لەسەر گڵکۆی قوربانیانی توندوتیژی دژ بە ژنان

ژنانی ژیڤانۆ لەسەر گڵکۆی قوربانیانی توندوتیژیی دژبەژنان لە شاری سنە کۆبوونەوە
چەند ڕۆژ لەمەوپێش چالاکانی ڕێکخراوی ژنانی ژیڤانۆ لە گۆڕستانی ”محەممەدی“ی شاری سنە کۆبوونەوە و لەو کۆبوونەوەیەدا ژنانی گرووپی ژیڤانۆ توندوتیژی دژ بە ژنان لە ژێر ناوی ناموس و توندوتیژی لە بوارە جیاوازەکانی یاسایی، ئابووری، کلتووری و سیاسی مەحکووم کرد و بە دانانی گوڵ لە سەر گڵکۆی ئازادە مرەوەتی و سەرگوڵ حەبیبی کە لەم کۆتاییانەدا بوون بە قوربانی نامووس، ڕێزیان لەو قوربانییانە گرت.

ژنانی ژیڤانۆ، ڕێکخراوەیەکی چالاکی بواری ژنانە لە شاری سنە کە دژی توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان کار دەکەن و ئەم توندوتیژییەش بە بەرهەمی کۆمەڵگەی پیاوسالار دەزانن کە بووەتە هۆی دابەشکردنی نابەرامبەریی لە چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگەدا.

هەواڵەکان

## مانگرتنی سەکینە ]پەروانە بەندیی سیاسیی کورد

١٦ی سەرماوەز لە کاتێکدایە کە ئیستاش بەشێک لە خوێندکارەکان لەسەر چالاکی سینفی، یان دەربڕینی بیر و باوەڕیان لە زینداندا بەسەر دەبەن یان ڕووبەرووی حوکمێکی ناعادڵانە بوونەتەوە.
لێرەدا دەکرێ ئاماژە بۆ حوکمی سەها مورتەزایی، چالاکی خوێندکاری و دەبیری پێشووی سینفی زانکۆی تاران بە ٦ ساڵ بەندکردن بە مەبەستی تەمبێ کردن، مەحکوومیەتی بەهارە هیدایەت، چالاکی خوێندکاری و زیندانی سیاسی پێشوو بە ٤ساڵ و ٨مانگ بە مەبەستی تەمبێ کردن. نوێکردنەوەی پروەندە بە دژی پەریسا ڕەفیعی، چالاکی سینفی زانکۆی تاران کە لە زیندانی ئێویندا لە حاڵی تێپەڕکردنی ماوەی حوکەکەی پێشویەتی. و هەروەها ئاماژە بە ئازادی محەممەد خانی خوێندکاری بەشی پیزیشکی زانکۆی «عەللامە تەباتەبایی» بە دانی بارەمتە لە خەزەڵوەری ئەمساڵ کرا. عەلی یونسی، خوێندکاری بەشی ئەندازیاری کامپیوتێر و ئەمیرحسێن مورادی، خوێندکاری بەشی فیزیکی زانکۆی «سەنعەتی شەریف»یش لە خاکەلێوەی ئەمساڵ لە زیندانی ئێوین دەستبەسەر کراون.




## لێدان و ڕەچاونەکردنی دووهێندەی پێشێلکردنی تاوانەکانی مریەم ئیبراهیموەدند لە قەرچەک



مریەم ئیبراهیموەند، نووسەر، درهێنەر و ئامادکاری سینەما ڕۆژی شەممە ٦ بەفرانبار بە لێدان لە بەندی ٨ی زیندانی قەرچەکی وەرامینەوە بۆ بەندی دایکانی ئەو زیندانە بەڕێ کرا.
ئەو زیندانییە ئێستا بەبێ ڕەچاوکردنی جیاکاری تاوانەکان لەلای ئەو کەسانەی کە بە تاوانی زەبر لە زیندانن بەسەر دەبا.
ئەو لە ڕێکەوتی ٢٣ سەرماوەزی ئەمساڵدا لەگەڵ چەند ژنی دیکە لە زیندانی سیاسی بەدەستی مەئمورانی گاردی زیندان لێدراوە و ئازاری جەستەیی پێگەیشتووە.

هەواڵەکان

## دوای ئەوەی کە زانیان پەریسا ڕەفیعی بێتاوانە دادستان دۆسیە نوێیەکەی تەحویلی دادگای پێداچوونەوە داوە



پەریسا ڕەفیعی چالاکی سێنفی زانکۆی تاران لە زیندانی ئێوینی دوای ئەوەی سەلمێندرا بێتاوانە لە قۆناغێکی دیکەدا دۆسیەکەی ڕادەستی دادگا کرا.
پێشتر لە بەرواری ٢٠ی ڕەزبەر لە بەشی٢٦ی دادگای ئینقلابی تاران دادگایکەی بەڕێوە چوو. هۆکاری بەڕێوەچوونی ئەو دادگایە نووسینی نامەی پەریسا لە بانەمەڕی ٩٨دا لە مەڕ بارودۆخی گرتنگە تاکەکەسییەکان و زەختی زۆر و بۆ چالاکانی مەدەنی ژن بە نێڵەی وەک تێستی باکرە بوون نووسیبوو بەڕێوە چوو.
باوکی پەریسا ڕەفیعی لە نووسراوەیەکدا لە لاپەڕەی خۆی ڕایگەیاند کە موستەفا نیلی مەحامی پەریسا ئەم بەیانییە دوای ئامادە بوون لە بەشی ٩٦ی دادگای ئینقلابی تاران لە بێتاونی و دەرکردنی حوکمی بێتوانی ئەو و نارەزایەتی دادستان ئاگادار کراوەتەوە.
بەپێی ئەو هەواڵە دۆسییەی پەریسا بۆ دادگای پێداچوونەوە دەنێردرێ

## درێژەی دەستبەسەر بوون و ناڕوونی بارودۆخی بەهارە سولێمانی

بەهارە سولێمانی، شارومەند نیشتەجێ تاران لەگەڵ تێپەڕ بونی ٧١ رۆژ لە کاتی دەستبەسەربونی کەم تا کورت بە شێوەیەکی ناروون لە گرتوخانەی وەزارەت ئیتلاعات، بەناوی بەندی ٢٠٩ئێوین هێشتویانەتەوە.
بەهارە سولێمانی نەخۆشی ڕیخۆڵەی هەیە پێویستی زۆری بە دەوا و دەرمان هەیە، بنەماڵەی بەهارە سولەیمانی لە کاتی دەستبەسەر بونیەوە تەنیا یەک جار بینین لە نێو کابیندا بووە.
کۆماری ئیسلامی بەڕاشکاوی نیشانی داوە گیانی مرۆڤەکانی هیچ بۆ گیرنگ نیە و گوشار لە سەر زیندانیانی سیاسی و بنەماڵە کانیان و هەروەها ناروون نەبوون و بێ هەواڵ بوون لە بارودۆخی زیندانیان سیاسی ئەویش لەو باردوخی ئێستای کرۆنایی، و لە بەندی خانەکان ئەشکەنجە بە شێوەی رون و ئاشکرا.
ئێنقلاب ژنانە و بەگژداچونەوە و سەرکوتی کۆماری ئیسلامی بە نیسبەت چالاکانی بە گشتی ئیدانە ئەکەین و خوازیارین بە زووترین کات بە بارودۆخی لەش ساخی بەهارە سولێمانی و هەموو بەندییە سیاسی و چالاکانی لە بەندی خانە داین.





**کچی نازەنین زاغەری لە بریتانیایە و دایکی ئێستاش لە زیندانە.**
**ئەو دەڵێ زیاترین کات کە هەست دەکەم بیری دایکم دەکەم شەوانەیە. چون شەوانە دڵم دەیهەوێ لە ئامێزی بگرم و بگریم.**

هەواڵەکان

## بەشداریی هەیئەتی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان
## لە سەکۆی بەشداری گشتیی کۆیە

دوای نیوەڕۆی ڕۆژی یەکشەممە ٣٠ی سەرماوەز هەیئەتێکی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان بەشداری لە سەکۆی بەشداری گشتی کۆیە بە ناونیشانی "کۆیە شاری پێکەوە ژیان "کرد کە بە هاوکاری ئینستتیوتی ڕیفۆرم بۆ گەشەپێدان پێک هاتبوو.

لەو دانیشتنەدا گفتوگۆیەکی گەرم و کراوە لە نێوان پێکهاتەکان و ڕۆشنبیرانی شاری کۆیە کرا.



## خاتوونێکی بۆکانی لە پارێزگاکەیدا
## بوو بە باشترین توێژەر

پەریسا موجاور کچێکی خوێندکاری بەشی پزیشکی، پسپۆڕی، ئەندازیاری میکانیکی زانکۆی ورمێ وەک باشترین پسپۆڕی پارێزگای ورمێ لە ساڵی ١٣٩٩ خەڵکی بۆکان هەڵبژێردرا.

لە پێشینەی زانستی و پسپۆڕی ئەو دەکرێ باس لە بەشداری کردن لە خەڵاتی خوێندنی بونیادی شارەزایان(نخبگان) لە ساڵی ١٣٩٨بەشداری لە خەڵاتی زانستی خوێندکارانی بەهرەمەندی ئێران بونیادی میللی پسپۆڕان لە ساڵی ١٣٩٩، چاپ و ئاماژە بە دەیان بابەت "S" و زانستی - پسپۆڕی و هاوکاری لە تەرحی پسپۆڕی تایبەت بە زانکۆی ورمێ دەکا.



هەواڵەکان

# پەیامی نەسرین ستوودە بۆ پێشکەشکارانی خەڵاتی بەربڵاوی جیهانیی مافی مرۆڤ "النور رولت" ٢٠٢٠



نەسرین ستوودە ئەو دەستپێکەریەی کانونی دادوەر لە خانەی دادی ئەمریکای بە هێمای یەکگرتویی لەگەڵ دادوەرانی ئێرانی زانی و وتی کە ئەو یەکگرتووییە کەلێنێکی ڕوون بۆ کۆمەڵگای مەدەنی و واتای ماف و مافخوازی دێنێتە ئاراوە ئەو دوای ئەوە بە ڕێزلێنان لە بوونی ئێلنا روزولت لە جێبەجێ کردنی جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤی زانی و کوتی کە ئەو جاڕنامەیە پەیامێکی بۆ هەموو دەسەڵاتەکان ناردووە، کە بۆ مانەوەی خۆیان دەبێ لە مافی سەرەکی مرۆڤ لەئاست تاکی کۆمەڵگای خۆیان بەرپرس بن
بە وتەی خاتوو ستوودە، مافێک کە لە جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤ ناودێر کراوە، بەشێک لە پێشگیریی جیاوازی، پێشگیری لە ئەشکەنجە، مافی ژیان و ئەمنیەتی تاکی، پێشگیری لە دەستبەسەر بوونی بێتاوان، سەربەخۆیی دەستگای داد و دادپەروەری، یەکسان خوازی ئەو هیوا بە هەڵسوڕاوانی مەدەنی دەدات، کە بە وەدوا کەوتنی بەردەوام لە ڕێکاری نێوخۆیی و نێونەتەوەیی بتوانین دەستمان بە دەسکەوتەکانی هەمەلایەنەی مرۆڤایەتی ڕابگا.

## نەبوونی ئینتێرنیت و خوێندنی ئانلاین و مامۆستایەکی دڵسۆزی کورد



مامۆستایەکی ژنی ئاوایی بابخالاوێ سەربە شاری شنۆ، لەبەر نەبوونی شەبەکەی ئینتێرنێت لە قوتابخانەکەیان و لە ماڵەوەی، بۆ کەڵک وەرگرتن لە وانەوتنەوە و بەرنامەی «شاد» بۆ قوتابییان وێڕای سەرما و بەستەڵەکی زستانی ئەو ناوچە سنوورییە دەچێتە بەرزاییەکانی ئەو مەڵبەندە.
ئەمە نموونەی مامۆستایەکی ژنی بەباوەڕ و فیداکارە کە لە ناهەموار و دژوارترین ڕەوشەکان ئامادەی فێرکردنی زانستە بە منداڵانی کورد.
با بەرپرسانی حکومەتیش لەپەنا سۆپای گازی دانیشن و بەبێ هیچ کارێک کەڵک لە ئینتەرنێتی خۆرایی وەرگرن!!

هەواڵەکان

## خاتوونێکی کورد لە تیمەکەی جۆ بایدن دایە بۆ گواستنەوەی دەسەڵات و پێکهێنانی کابینەی نوێ لە ئەمریکا



میهرسا بەرادەران خاتونێکی رۆژهەلاتی خەڵکی قەسری شیرین و نیشتەجێی ئەمریکا بەشدار لە وەفدی جۆ بایدن دایە بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێ لە ئەمریکادا
میهرسا بەرادەران مامۆستای زانکۆی ماف لە زانکۆی یوسی ئاروایینی ئەمریکا و چالاک لە وەزارتی خەزانە داری ئەمریکاو کچی پرۆفیسۆر ئەسەدوڵلا بەرادەران پزیشک لە قەسری شیرینە کە پرۆفیسۆر ئەسەدوڵلا بەرادەرن تا ئێستا خۆبەخشانە چەندین قوتابخانەی دروستکردووە
زانراوە هەر لە گەل هەڵبژاردنی میهرسا بەرادەران بۆ بەشداریکردنی لە پێکهینانی کابینەی نوێی ئەمریکا، چوار ئێرانی دیکەی دانیشتووی ئەو وڵاتەش دەستنیشان کراون بۆ بەشداریکردنیان لە تیمەکەی بایدن بۆ گواستنەوەی دەسەلات لە ئەمریکا

## لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕۆمانێک بە ناونیشانی "المپیاد نجوم" چاپ کرا

کچێکی تەمەن ١٥ ساڵ، خەڵکی مەریوان یەکەم ڕۆمانی خۆی بە زمانی فارسی بڵاو دەکاتەوە.
"ئاڵا بەسامی" نووسەری ئەم ڕۆمانەیە و خاوەن کۆمەڵێک چیرۆک و کورتە چیرۆکە، ناوبراو لە شاری مەریوان دەژی و توانیویەتی لە تەمەنی ١٥ ساڵی دا ئەم ڕۆمانە بە زمانی فارسی بنووسێ کە پێکهاتووە لە ٤٠٨ لاپەڕە و لە چاپەمەنیی "زانکۆ" لە شاری بۆکان لە چاپ دراوە.
کارەکتەری سەرەکی لە ڕۆمانی "المپیاد نجوم"دا کوڕێکی لاوی خوێنەوارە کە بە پێچەوانەی هاوڕێیەکانیەوە بەدوای خوێندن و زانیارییەوەیە و هەوڵ دەدا لە ئۆلمپیادی هەسارەناسی لە وڵاتی کانادا بەشداری بکات و لە ئاکامدا پلەی یەکەم بەدەست ئەهێنێ. ڕووبەرگی ئەم ڕۆمانە خاتوو "شایستە فەتحی" گرافیستی لێهاتووی مەریوانی دیزاینی بۆ کردووە.
شایەتی باسە ئاڵا بەسامی کچی نووسەر و دەرهێنەر عەبدولرەحمان بەسامی ناسراو بە (خاڵۆ کوردین) ئەندامی کانوونی نووسەرانی کوردستانە
کانوونی نووسەرانی کوردستان پیرۆزبایی لە ئاڵا بەسامی و پاڵپشتی لە نووسەرە لاوەکان دەکا، چوونکە ئەوان گەنجینەی داهاتووی گەلەکەمانن.



هەواڵەکان

# بەخشینی بڕوانامەی زمانی کوردی لە ڕۆژی ٢ی ڕێبەندان لە بۆکان



لەسەر بانگێشتی کۆڕی فێرکاری و فەرهەنگیی فێرگەی زمانی کوردیی ئەدەب لە شاری بۆکان، ڕێوڕەسمێک بە بۆنەی ٢ی ڕێبەندان لە ڕۆژی پێنجشەممە، ٢ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٩٩ لە شوێنی ئەو ناوەندە لە پاساژی شارەداری بەڕێوە چوو. لەو ڕێوڕەسمەدا دوکتور مستەفا ئیلخانیزادە وتارێکی تیۆروتەسەلی سەبارەت بە ٢ی ڕێبەندان و گرینگیدان بە یادی کۆماری کوردستان پێشکەش کرد و ڕەخنەی لەبە تاڵانبردنی ئاوی بەنداو و چۆمەکانی پارێزگای ورمێ، وەک ئاوی بەنداوی سیلۆێ بۆ گۆلی ورمێ و تەورێز و وەبن ئاو کەوتنی چەندین گوندی ناوچەی پیرانشار و هەروەها ئاوی بەنداوی بۆکان بۆ شارەکانی بناو و مەلەکان و تەورێز و بردنی کانزاکانی بەردی مەرمەڕ و ئاسن و ئالۆمینیۆمی بۆکان و زێڕی زەڕەشۆرانی تیکاب بۆ شارەکانی دیکە گرت.
ناوبراو هەروەها ئیدانەی بێڕێزیی پێشکەشکارێکی دەنگوڕەنگی کۆماری ئیسلامی بە جلوبەرگی کوردی کرد.
لە بەشێکی دیکەدا سەبارەت بە چالاکییەکانی ناوەندی «ئەدەب» بۆ فێرکاری دوا و خەڵکی بانگهێشت کرد بۆ بەشداریکردن لە خولەکانی فێرکاریی ئەو ناوەندە. پاشان مامۆستا حوسێن شێربەگی، کاک خالید عەسکەری، کاک ئەیووب ئەحمەدی، سەیزادە قاقان قادری و خاتوو ئامینە چاک و خاتوو نوسرەت سەوارە شیعر و وتاریان پێشکەش کرد.
ڕێوڕەسمەکە بە بەخشینی بڕوانامە بە فێرخوازانی خولەکانی فێرکاریی زمانی کوردی کۆتایی هات.

# شاری سنەی قارەمان وەک هەمیشە هەڵوێستی کوردانە دەگرێ



خەڵکی شاری سنە بە دژی بێڕێزیکردن بە جلوبەرگی کوردی وەک هەمیشە کوردانە هەڵویستیان نواند.
پاش ئەوەیکە لە لایەن یەکێک لە پێشکەشکارەکانی سەر بە ڕێژیمی داگیرکەری ئێران، لە کاناڵی ٢ی ئەو ڕێژیمە بێڕیزی بە جلوبەرگی کوردی کرا و جلوبەرگی کوردی بە جلوبەرگی شوانی ناوهێنا، دەنگدانەوە و هەڵویستێکی بەرچاو و جیددی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی لێکەوتەوە.
دوا بە دوای ئەم بێڕێزییە کە یەکەمجار نییە لە لایەن مۆرەکانی ڕێژیمی داگیرکەرەوە دەبینرێت، زۆرینەی ئەو کوردانەی کە خاوەن ئەکاونتی جیا جیای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانن بە نیشانەی نارەزایەتی لاپەڕەکانیان بە جلی کوردی ڕازاندەوە.
ئەم شەپۆلە نارەزایەتییە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا قەتیس نەما و شاری سنە وەک هەمیشە ئەمجارەش بووە پێشەنگ و پێشڕەوی ئەم خەباتە جەماوەرییە و دانیشتووانی ئەم شارە بە پۆشینی جلوبەرگی کوردی و بەکۆمەڵ لەسەر شەقامەکانی سنە ڕێپێوانێکی ئارامیان بەڕێوە برد.
شایانی باسە ژنانی پێشەنگی شاری سنەی سەربەرز ڕۆژی چوارشەممە ١ی بەفرانباری ٩٩ی هەتاوی بە پۆشینی جلوبەرگی ڕازاوەی کوردی و بە کاردانەوە بە بێڕێزییەکانی پێشکەشکاری کاناڵی ٢ی کۆماری ئیسلامیی ئێران، بە هاتنەسەر شەقامی فیردۆسی ئەوشارە وڵامێکی توندیان بە داگیرکەرانی کوردستان داوە و دووپاتیان کردەوە کە ئیزن بە هیچ کەس نادەین بێڕێزی بە فەرهەنگ و داب و نەریتیی کوردان و جلوبەرگی نەتەوەییمان بکا.



## گوشاری هێزەکانی ڕێژیم بۆ سەر گرووپی مۆسیقای ژنانی گلاریسی کرماشان



لە ڕۆژانی ڕابردوودا گوشاری هێزەکانی ڕێژیم بۆ سەر گرووپی مۆسیقای ژنانی "گلاریس" لە کرماشان زیادی کردووە و جیا لە دەسبەسەرکرانی دوو ئەندامی ئەم گرووپە سەرجەم ئەندامانی گرووپەکە بانگ کراون و بەڵێننامەیان پێ واژۆ کردوون.

ڕۆژی شەممە ٢٧ی بەفرانباری ٩٩ی هەتاوی. دوو کەس لە ئەندامانی گرووپی مۆسیقای ژنانی "گلاریس" لە کرماشان، بە ناوەکانی "نازەنین ئەتابەکی" و "نەسرین یەزدانیپوور" کە دەنگبێژ و گۆرانیبێژی گرووپەکەن، لەلایەن ئیدارەی ئیتلاعاتەوە دەسبەسەر و دوای لێپێچینەوە بە دانانی بارمتە و بە شێوەی کاتی ئازاد کران.

لە ڕۆژانی ڕابردوودا ئەندامانی گرووپەکە کە پێکهاتوون لە نازەنین ئەتابەکی، سەمیرا فەرەحناکی، مەلیحە مورادی، نەسرین یەزدانیپوور و ئیلهام یەزدانیپوور وەک سەرپەرشتیاری گرووپەکە، چەندین جار لەلایەن ناوەندەکانی سەر بە ڕێژیم بانگ کراون و کەوتوونە ژێر گوشارەوە.

شایانی باسە کە گرووپی ژنانی گلاریس، لە ساڵی ٩٧ی هەتاوی، لە کرماشان دامەزراوە و لە بواری مۆسیقای فۆلکلۆر و ڕەسەنی کوردیدا چالاکیی دەکا و تا ئێستا چەندین کۆنسێرتی لە شارە جیاوازەکانی ئێران و هەرێمی کوردستان بەڕێوە بردووە.

## کتێبی «ڕەوتی گۆڕانکارییەکان لە جلوبەرگی کوردی» چاپ و بڵاو کرایەوە




ئەم پەڕتووکە بەرهەمی خاتوونی لاوی شاری پیرانشار، "سومییە شەریفی"یە.

خاتوو سومەییە شەریفی لەم بابەتەوە دەڵێ: سەد ساڵ لەمەوبەر جلوبەرگی کوردی جیاواز تر لە ئێستا بووە و ڕەنگە کەم کەس لە ڕەوتی ئەم گۆڕانکارییە ئاگادار بێت. ئەم کتێبە باسی ئەو جیاوازیانە دەکات و گۆڕانکاریەکانی کە بەسەر لیباسی کوردی داهاتووەمان پێ دەناسێنێ.

ئێستاش زۆربەی بەشەکان و ئاڵوگۆڕەکانی ماون کە کاریان لەسەر بکرێت و بنووسرێن و باس بکرێن.

بەڵام بەخۆشحاڵیەوە ئێستا کەسانێک هەن کە بەشێوەی ئاکادێمیک لەم بوارەدا چالاکن.

مەبەست لە ڕانان و ناساندنی دەوڵەمەندی جلوبەرگی کوردی بە خەڵکی فارس زمان، ئەم کتێبە بە زمانی فارسی نوسراوە.


٢٦ سەرماوەز
یەکیەتیی ژنانی
دێموکراتی کوردستان
ئیرادەی ژنی پێشمەرگە،
پەیامی یەکسانیی ژن و پیاوە